گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# ئاسایشی وزە لە ستراتیجیەتی تورکیا بەرانبەر ئازەربایجان پاش 2020

**د.بێستون عمر نوری**
بەشی پەیوەندییەنێودەوڵەتییەکان و دیبلوماسی , کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
beastun.nuri@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٥/٢/٥
پەسەندکردن:٢٠٢٥/٣/١٢
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٥

**ووشە سەرەکییەکان**
*Energy security, Turkey, Azerbaijan, strategy, interdependence, cooperation,*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.10.2.21

## پوختە

پرسی وزە بە یەکێک لە گرنگترین پرسە سیاسییەکان لەسەر شانۆی گۆڕەپانی جیهانی دادەنرێت، بەو پێیەی بە فاکتەری یەکلاکەرەوە بۆ دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان دادەنرێت، بە شێوەیەک هەناردەکار بن یان هاوردەکار، چونکە بە بڕبڕەی پشتی ئابووری دادەنریت، لەم گۆشەنیگایەوە ووڵاتان هەوڵدەدەن هەموو ڕێوشوێنێک بگرنەبەر بەمەبەستی پاراستنی سەرچاوەکانی وزە و بە بەردەوامی وەبەرهێنانیان تێدا مسۆگەر بکەن بۆ ئەوەی بەرژەوەندی بە کۆی گشتی ڕەهەندەکان گەرەنتی بکەن، بۆیە پرسی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی وزە بە شێوەیەکی سەلامەت و کردەیی کاری لە پێشینەی هەردوو لایەنە کە کار بۆ هەناردەکردن و دەستکەوتنی دەکەن.

لەسەر ئەم بنەمایە، تورکیا و ئازەربایجان پەیوەندییەکی ستراتیجی بەهێزیان هەیە، بەتایبەتی لە بواری وزەدا، چونکە تورکیا هەوڵدەدات لەرێگەی هاوکاری نزیک لەگەڵ ئازەربایجان، ئاسایشی وزەی خۆی سەقامگیر بکات. ستراتیجی تورکیا لەم بوارەدا لە چەندتەوەرەیەکی سەرەکیدا نوێنەرایەتی دەکرێت. لە دوای ساڵی ٢٠٢٠ ئاسایشی وزە بوویتە جێیگای سەرنج لە پەیوەندییەکانی تورکیا و ئازەربایجاندا، بەو پێیەی ئازەربایجان وەک هاوبەشێکی ستراتیجی بۆ ئەنقەرە لە گەیشتن بە

هەمەچەشنی و سەقامگیری لە دابینکردنی وزەدا دەرکەوتووە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی ڕۆڵی ئازەربایجان لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی وزەی تورکیا و بەهێزکردنی پێگەی خۆی وەک ناوەندێکی گواستنەوەی وزەی ناوچەیی پەیرەودەکات، بە گرنگیدان بە پێشهاتە جیۆپۆلەتیکییەکان لە دوای جەنگی دووەمی قەرەباخ زیاتر بەدیارکەوتوە و لە هەمانکاتدا چەندین ئاستەنگ دەرفەت لەبەردەم تورکیا دروست بووە.لێرەدا پرسیاری سەرەکی تویژینەوەکەش بریتییە لە: وزە وەک فاکتەرێکی ئاسایشی تاچەند کاریگەری هەبووە لەسەر دارشتنی ستراتیجیەتی تورکیا بەرانبەر ئازەربایجان ولێک نزیک بوونەوەی هەردوولایەن بەئاراستەیەکی ئەرێنی دوای ٢٠٢٠لە سەربنەمای گرنگترین دەرفەت و ئاستەنگەکان ؟،گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەر پێی گەیشتوە بریتین لە ئامانجی لەپێشینە تورکیا لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئازەربایجان لە بواری وزە بریتیە لە کەمکردنەوەی پشتبەستن بە سەرچاوەی وزەی دەوڵەتانی زلهێزی هەرێمی و نێودەوڵەتی وەک ئێران و ڕوسیا. هەروەها هاوکاری نێوان تورکیا و ئازەربایجان ڕەنگدانەوەی هەوڵەکانە بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی ستراتیجی وزە لە ناوچەکەدا، تورکیا دەبێتە خاڵێکی گەورەی ترانزێتی وزە بۆ ئەوروپا، هاوکات ئازەربایجان پێگەی خۆی وەک هەناردەکارێکی سەرەکی وزە بەهێزتر دەکات

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## پێشەکی

ئاسایشی وزە بە یەکێک لە پێکهاتە مۆدێرنەکانی ئاسایشی نەتەوەیی دادەنرێت بە سروشتی پرسێکی زۆر ئاڵۆزە، بەتایبەت بۆ ئەو وڵاتانەی کە لە ڕووی سیاسییەوە بەدەست کورتهێنان یان پاکی وزەوە دەناڵێنن. هەروەها ئاستی پیشەسازیی وتوانای دەوڵەت کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر ئاسایشی وزە هەیە. هەروەک چۆن لەگەڵ پێشکەوتنی پیشەسازی و تەکنەلۆژیادا وزە بە بەردی بناغەی پلانەکانی گەشەپێدانی هەر وڵاتێک دادەنرێت، کە هەوڵی بەدەستهێنانی گەشەسەندنی ڕاستەقینە و ڕێژەی بەرزی گەشەسەندن دەدات و لە ئەدای ئابووری وڵاتدا ڕەنگ دەداتەوە، لەهەمان کاتدا ئاسایشی وزە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر توانای بەرگری دەوڵەت دەبێت.

بۆیە دەوڵەت هەمیشە گرنگی بە ئاسایشی وزە دەدات و بەجۆرێک هەنگاوێکی کردەیی و ئەرێنی دەبێت، وئاستی بەرگری دەوڵەت دەباتە پێشەوە لە پێناو ئەوەی سەروەری و ئاسایشی هەژموونی خۆی بپارێزێت. لەم ئاراستەیەوە، پاشخانی مێژوویی لە پەیوەندی نێوان تورکیا و ئازەربایجان لە بوارەکانی نەتەوەیی و کلتوری و زمانەوانی دەرفەتی زیاتر بە تورکیا و ئازەربایجان بەخشیوە، بۆئەوەی لە چەندین بواری دیکە پەرە بەپەیوەندییەکانیان بدەن بەتایبەت لە بواری وزە. ئەمەش دەروازەیەکە بۆ هەردوولایەن بۆ ئەوەی لەرێگەی ستراتجیەتی ئاسایشی وزە و لە چوارچێوەی بنەمای پشتبەستن بە یەکتر (الاعتماد المتبادل) کاربکەن. ئەم وابەستەبوونە هاوتەریبە لەگەڵ زیادبوونی پێویستی وڵاتان بەوزە، لە نێویشیاندا تورکیا کە پشت بەوزەی هاوردە دەبەستێت لەبەرانبەردا ئازەربایجان دەوڵەمەندە بەسەرچاوەی وزە، ئەمەش وادەکات تورکیا هەم پێداویستییەکانی وزە پربکاتەوە هەمیش ناوەندێک و پردێک بێت بۆ گواستنەوەی وزە بەتایبە دوای هەڵگیرساندنی نێوان ئەرینیا و ئازەربایجان ساڵی 2020 و جەنگی روسیا و ئۆکراین ساڵی ٢٠٢2، لەگەل ئەمەشدا ئەم ستراتیجیەتە بەدورنابیت لە گەیشتن بە چەند دەرفەتێک و ڕووبەڕووبونەوەی چەندین ئاستەنگ.

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**گرنگی توێژینەوە**

ئاسایشی وزە بە یەکێک لە گرنگترین ئەو بابەتانە دادەنرێت کە کاریگەری لەسەر داڕشتنی ستراتیجیەت و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان هەیە، لەم دیدگایەوە بەدیارخستنی ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان تورکیا و ئازەربایجان کە لەسەر بنەمای پرۆژەی ستراتیجی وزە بنیاتنراوە ئەمە خاڵێکی گرنگی ئەم توێژینەوەیە، سەرەرای ئەمەش لێکۆڵینەوە لە ئاسایشی وزە لە ستراتیجی تورکیا بەرامبەر ئازەربایجان رێگە دەدات بە تێگەیشتن لەو ئالینگاریانەی ڕووبەڕووی هەردوو وڵات دەبنەوە، وەک پرسی ئەمنی وفشارە نێودەوڵەتییەکان، هەروەها ئەو دەرفەتە ئابووری وسیاسیانەی کە لە هاوکارییەکانیانەوە سەرهەڵدەدەن، ئەمەش لایەنێکی دیکەی گرنگی توێژینەوەکەیە.

**ئامانجی توێژینەوە**

١-شیکاری ڕۆڵ و کاریگەری وزە لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئازەربایجان، واتا لێکۆڵینەوە لەوەی کە چۆن سەرچاوەکانی وزە بوونەتە جێگەی سەرنجی سەرەکی لە هاوکارییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە دوای ساڵی ٢٠٢٠.

٢-دیاریکردنی پرۆژەکانی ژێرخانی وەک بۆری غاز و نەوت و کاریگەرییەکانیان لەسەر لێک نزیکبوونەوەی نێوان هەردوو لایەن. هەروەها شیکارکردنی ئەوەی کە چۆن هاوبەشی لەگەڵ ئازەربایجان بەشدارە لە ئامانجەکانی تورکیا بۆ کەمکردنەوەی پشتبەستن بە دابینکەرانی دیکە.

٣- بەدیارخستنی ڕەهەندەی جیۆپۆلیتیکی لە وابەستەبوونی هەردوولایەن بەیەکتری وەک دوو دەوڵەتی هاوردە و هەناردەکاری وزە، بە مانای دیاریکردنی گرنگی ئازەربایجان وەک سەرچاوەیەکی سەرەکی وزە بۆ تورکیا لە چوارچێوەی کێبڕکێی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا.

٤-تیشک خستنەسەر سوودە ئابوورییەکانی وزە لە پەیوەندییە دووقۆڵییەکان، وهەڵسەنگاندنی کاریگەرییە ئابوورییەکانی هەناردەکردنی گاز و نەوتی ئازەربایجان بۆ تورکیا و ئەوروپا لە ڕێگەی خاکی تورکیاوە. لەسەر بنەمای پشتبەستن بەیەکتری کە تورکیا وێستگە و دەروازەیەکی گرنگە بۆ هەناردەی وزەی ئازەربیجان لەبەرامبەردا تورکیا پێویستی بەوزەی ئازەربایجان هەیە.

**پرسیاری توێژینەوە**

وزە بە یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی بنیاتنانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و ستراتیجیەتە سیاسییەکان دادەنرێت، بەتایبەتی لە نێوان ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی سەرچاوەی وزەن و ئەو وڵاتانەی پشت بەو سەرچاووە وزە دەبەستن، ئەمەش وادەکات ببێتە توخمێکی ئاسیشی و بەکاربهێنرێت لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی خۆیا، بۆیە ستراتیجیەتی تورکیا بەرانبەر ئازەربایجان هەڵقولاوی ئە ڕوانگەیە یە، لەسەر ئەم بنەمایە پرسیاری  تویژینەوەکە بریتییە لە (وزە وەک فاکتەرێکی ئاسایشی تاچەند کاریگەری هەبووە لەسەر دارشتنی ستراتیجیەتی تورکیا بەرانبەر ئازەربایجان ولێک نزیک بوونەوەی هەردوولایەن بەئاراستەیەکی ئەرێنی دوای ٢٠٢٠لە سەربنەمای گرنگترین دەرفەت و ئاستەنگەکان ؟

**گریمانەی توێژینەوە**

سیاسەتی تورکیا لەدوای ٢٠٢٠ بەئاراستەیەکی تۆکمەتر هەنگاوی ناوە  لە پێناو ئەوەی کەمتر پشت بە وزەی دەوڵەتانی زلهێز ببەستێت بەتایبەت ڕوسیا، بە هۆی دروستبوونی ئەنارشی و نادڵنیایی لەسەرئاستی هەرێمیی بەتایبەت دوای هەڵگیرسانی جەنگی ئەرمینیا و ئازەربایجان و  ڕوسیا وئۆکراین، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر دارشتنی ستراتیجیەتی تورکیا بەرانبەر دەوڵەتانی خاوەن وزەی هەرێمیی بەتایبەت ئازەربایجان بەمەبەستی دابین کردن و پرکردنەوەی پێداویستییە وزەییەکانی و گەیشتن بە پاراستنی و سەقامگیری ئاسایشی،  بۆیە هاوشانی پرسی نەتەوەیی تورك وزە فاکتەرێکی کارا و گرنگ و کارلێکەرە لەسەر  ستراتیجەتی تورکیایە بەرانبەر بە ئازەربایجان بەتایبەتی دوای ٢٠٢٠.

**سنووری تویژینەوە:**

-لە ڕووی کاتەوە: ئەم تویژینەوەیە لە ڕووی کاتەوە پاش 2020 لە خۆدەگرێت، بەڵام ڕێگر نابێت لە تیشك خستە سەر پێش و پاش ساڵی 2020.

-لە ڕووی شوێنەوە: هەر یەکە لە وڵاتانی تورکیا و ئازوربایجان لە خۆدەگرێت، بەڵام مانای ئەوەنییە کە وڵاتان و ناوچەی دیکە لە خۆناگرێت.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## میتۆدی توێژینەوە

ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە میتۆدی  چۆنایەتی (Qualitative) لە خۆدەگرێت، هەروەها بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیاری سەرەکی وسەلماندی گریمانەی توێژینەوە زیاتر پشت بە میتۆدێک دەبەستین، وەک میتۆدی شیکاری.  هەروەها میتۆدی سەرەکی بریتیە لە میتۆدی (دراسة الحالة (Case Study) لە ڕوانگەی (Robert Yin) کە بەیەکێک لە بیرمەندانی ئەم میتۆدە هەژماردەکرێت و پیوایە کە ( دراسة الحالة)  میتۆدێکی  توێژینەوە یە بەکاردێت بۆ تێگەیشتن لە دیاردەیەکی ئاڵۆز لە چوارچێوەی ڕاستەقینەی خۆیدا( Yin,2003:P12)، بەپشت بەستن بەم میتۆدە هەوڵی تێگەیشتن دەدەین لە ڕۆڵ و کاریگەری ئاسایشی وزە  وەک باسی سەرەکی لە پیوەندی نێوان تورکیا و ئازەربایجان.

## پێکهاتەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە جگە لە پێشەکی و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان وچوارچێوەی تیۆری، لەچوار تەوەرەی سەرکی پێک دێت، تەوەرەی یەکەم: ڕۆڵی وزە لە ستراتیجیەتی ئازەربایجان و تورکیا، تەوەرەی دووەم: ڕۆڵی وزە وەک فاکتەرێکی ئاسیشی لەستراتیجەتی تورکیا بەرانبەر ئازەربایجان پاش ٢٠٢٠ ، تەوەری سێیەم باسی گرنگترین ئامانجەکان دەکات لە ستراتیجیەتی وزەی تورکیا بەرانبەر ئازەربایجان پاش ٢٠٢٠، تەوەری چوارەم و کۆتایی تیشک دەخاتەسەر دەرفەت و ئالینگارییەکانی بەردەم ئاسایشی وزەی تورکیا بەرانبەر ئازەربایجان دوای ٢٠٢٠.

## چوارچێوەی تیۆری

تیۆری نیولیبرالیزم(Neo-Libralism) تیشک دەخاتەسەر گرنگی هاریکاری ئابووری و بەرژەوەندی هاوبەش، بۆ ئەم مەبەستە بە خوێندنەوە و شیکارکرنی ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە گونجاوترین تیۆر بریتیە لە تیۆری  نیو لیبرالیزم بەتایبەت ڕوانگەی  پشتبەیەکتربەستن (الاعتماد المتبادل)(Interdependence)  کە یەکێکە لە  بنەما و ڕوانگەی تیۆری نیو لیبراالیزم، بەشێوەیەک هەریەک لە ڕوبرت کیوهان (Robert Keohane)و جوزیف نای(Joseph Nye)  لە

چوارچێوەی کتێبە هاوبەشەکەیان بەناونیشانی ( القوة والاعتماد المتبادل: السیاسة العالمیة فی مرحلة الانتقال)، قسە لەسەر ئەوە دەکەن کە پشتبەیەکتر بەستن بەمانای ئەوەدێت هەردووڵایەن کاریگەریان لەسەریەکتر دەبێت، ئەم دوولایەنە دەوڵەت و کارەکتەری دیکەن وەک (دەوڵەت و نادەولەت)،(علی،131:2019)، تا ئەو کاتەی کیوهان باس لە جیاوازی نیوان دەوڵەتەکان دەکات بەتایبەت ئەگەر دەوڵەت خاوەن نەوت بێت، چونکە هەمیشە بیر لە هەناردەکردن دەکاتەوە وهەوڵی دۆزینەوەی دەروازەیەکی ئارام و ئاسایش دەدات بۆ هەناردەکردنی نەوت(عاشور،822:2020).

کەواتە ڕوانگەی بیرمەندانی ئەم تێۆرە بە جۆرێک ئاماژە بەوە دەکەن لەگەڵ ئەوەی نادڵنیایی لەسیستەمی نێودەوڵەتی دا بوونی هەیە، بەڵام دەوڵەتان دەتوانن هەماهەنگی وهاریکاری یەکتربن و پشت بەیەکتر ببەستن لە سەربنەمای چەند پرنسیپێک بەشێوەیەک بەرژەوەندی هەردووڵایەنی تێدا پارێزراوبێت، بەتایبەت لەبواری پرسی ئابووری دا(Axelrod,1984:10) . لەلایەکی دیکەوە، نیولیبرالیزم جەخت لەسەر سێ جۆر لە ئالینگاری دەکاتەوە کە ئاسیشی وزە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، یەکەمیان گرەنتی کردنی هەناردەی وزە، دووەمیان گرەنتی دەرهێنان و گواستنەوەی وزە، سێیەم و کۆتایی باشترکردنی کفائەی وزە لەپێناو پاراستنی ژینگە و ئابووری و کۆمەڵایەتی، و نیو لیبرالەکان پێیان وایە کە پەیوەندی نێوان لایەنی کارا لە بازاری وزە و بەدەستهێنانی ئاسایشی وزە وەک یاریەکی سفری تەماشا ناکرێت، بەڵکو ئەم هاریکاری نێوانیان دەبێتە هۆی زیاتربوونی ئاسایشی وزەی جیهانی، بۆیە تاکە ئالینگاری بۆ ئاسایشی وزە کە تاوەکو ئێستا بەردەوامە بریتیە لە گەشەپێدانی ئابووری لیبرال(حمزة، هادي، 17:2020).

## تەوەرەی یەکەم: ڕۆڵی وزە لە ستراتیجیەتی ئازەربایجان و تورکیا

### یەکەم: گرنگی وزە لەستراتیجەتی ئازەربایجان و ئاماژە ئەرێنییەکانی لە ناوچەکە

بەکارهێنانی چەمکی ئاسایشی وزە لە ئەدەبیاتی سیاسی بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، هەروەک دانیل یورغن (Daniel Yergin) ئاماژەی پێدەکات ئەمە ڕووندەکاتەوە کە کاتێک ونستون چرچل(Churchill Winston) سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیا لە جەنگی جیهانی یەکەم بڕیاریدا کە ئیشپێکردنی کەشتییە جەنگیەکان لە ڕەژوو بگۆڕێت بۆ نەوت ئەمەش لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێناو خێراترکردنی کەشتیە بەریتانییەکان لە هي ئەڵمانیا، لەگەڵ ئەم بڕیارەی شرشل ئاسایشی وزە دێنێتە نێو ئەدەبیاتی سیاسی و سەربازی. لەوکاتدا پێناسەی ئاسایشی وزە لە ڕوانگەی شرشل بریتی بوول لە فرەیی و تەنها فرەیی لە سەرچاوەی وزە، و لەدوای ئەم بڕیارە گەیاندی وزە بۆ ئەودیوی دەریاکان یەکێک بوو لە کارە لە پێشینەکانی دەوڵەت ( Yergin,2006:69).

ناوچەی قەفقازی باشوور کە (جۆرجیا و ئەرمینیا و ئازەربایجان) لەخۆدەگرێت بە ناوچەیەکی گرنگ و کاریگەر و کێبڕکێ بۆ سێ وڵاتی بەهێزی سەرەکی ناوچەیی دادەنرێت. ئەوانیش بریتین لە: ڕووسیا، تورکیا، ئێران، لەگەڵ ئەمەشدا بە ناوچەی بەریەککەوتنی ڕەگەزی، ئایینی ونەتەوەیی بۆ تورکیا وئێران دادەنرێت. بە هۆی ئەوەی زۆربەی دانیشتوانی ئازەربایجان لە نەتەوەی تورکن، بۆیە هەمیشە چەقی ستراتیجەتی تورکیا بووە، (حسين،اغسطس2023). گرنگترین ئاماژە ئەرێنییەکان بریتین لە :

١- دەوڵەمەندی ئازەربایجان بەوزەی سروشتی: ئەم زۆری وزە لە ئازەربایجان زیاتر بۆتە جێگای تێرامان و بایەخی دەوڵەتان لەسەرئاستی هەرێمیی و نێودەوڵەتی، چونکە بە یەکێک لە گرنگترین بەرهەمهێنەرانی غازی سروشتی و نەوت لە جیهاندا دادەنرێت، دەکەوێتە ناوچەیەکی جوگرافیای هەستیار بۆ گواستنەوەی سامانە سروشتییەکان لە ناوچەی دەریای خەزەرەوە(قەزوین) بۆ بازاڕە نێودەوڵەتییەکانی وزە، (ماهر، يونيو2021) ئەمە لەکاتێک دایە کە قەبارەی هەناردەکردنی نەوتی ئازەربایجان گەیشتۆتە ٢٦.٣ ملیۆن تۆن کە یەکسانە بە ١٩٠ ملیۆن بەرمیل، بەپێی ئاژانسی دەوڵەتی "ئازەرتاگ". لە ساڵی (2022)دا، نەوتی ئازەربایجان داهاتی بە بەهای نزیکەی 19 ملیار و 483.6 ملیۆن دۆلار بەدەستهێناوە، لە کاتێکدا لە ساڵی 2021دا 13 ملیار و 218.9 ملیۆن دۆلار بووە. لە ڕووی غازیشەوە، ئازەربایجان 22.3 ملیار مەتر سێجا لە کۆی گشتی 46.7 ملیار مەتر سێجا غازی ئەو وڵاتە هەناردە کردووە، ساڵ لە دوای ساڵ بە ڕێژەی 6.5% زیادی کردووە. لە ماوەی 5 مانگی سەرەتای ساڵی (2023)دا، هەناردەی غازی ئازەربایجان بۆ نزیکەی 9.362 ملیار مەتر سێجا بەرزبووەتەوە و داهاتەکەی بە بەهای 7.103 ملیار دۆلار بەدەستهێناوە. قەبارەی هەناردەکردنی غازی ئازەربایجان بۆ ئەوروپا نزیکەی یەک ملیار و ٩٠٠ ملیۆن مەتر سێجا بووە کە ١.٧ ملیار مەتر سێجا غاز بۆ تورکیا و ٠.٧ ملیار مەتر سێجا بۆ جۆرجیا(السعداوي، يوليو2023).

**دووەم: هەمەچەشنی لەسەرچاوەکانی وزە**: سەرەڕای یەدەگی زۆری نەوت و گاز، پابەندبوونی ئازەربایجان بە ڕێکەوتننامەکانی تایبەت بە پاراستنی ژینگەیی و کەش و هەوا بە تایبەت کۆنفرانسی پاریس ساڵی 2015، دەرگای بەڕووی ئازەربایجان واڵا کرد کە هەنگاوی کردەیی بگرێتەبەر بە مەبەستی هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی وەزە لە چوارچێوەی پاراستنی ئاسایشی وزە، بە تێبینی کردنی نیگەرانە ژینگەییەکان، ڕەوتی وزەی جیهان، هۆکارێك بوون بۆ ئەوەی ئازەربایجان زیاتر کار لە سەرچاوەی وزەی نوێبوونەوە لەوانەش وزەی خۆر بکات (شكري، 20يونيو2024). لەم تێڕوانینەوە گواستنەوەی وزەی ئازەربایجان لە وزەی خۆر تێدەپەڕێت، بۆ ئەوەی هەریەکە لە وزەی با وسووتەمەنی و بایۆلۆجی و ئاو لەخۆبگرێت، ئەمەش وادەکات کە ئازەریایجان ڕۆڵێکی گرنگ لە پیشەسازی وزەی پاکی جیهانیدا بگێڕێت، بە توانای ئابووری مەزەندەکراو و پێشکەوتوو. جگە لە وەش ئەم گواستنەوەیە کاریگەری ناوچەیی و جیهانی هەیە، هاوتەریب لەگەڵ ئامانجە نێودەوڵەتییەکانی کەش وهەوا، و پێگەی وڵاتەکە وەک یاریزانێکی بەرپرسیار لە وزەی جیهانی بەهێز دەکات. بەشێوەیەک تا مانگی (٨) ساڵی ٢٠٢٣ ڕێژەی بەرهەمهێنانی وزە لە خۆر گەیشتبوە ٦,٤% کە ئەمەش ڕێژەیەکی زۆرە، ئەمەش لەگەل سیاسەتی پەرەپێدانی و هەمەچەشنکردنی سەرچاوەی وزەیە(شوكري، قدري، مارس2024). لەگەڵ ئەمەشدا بەگوێرەی پەیجی ئاژانسی فەرمی ( Global Energy Moniter) لە کۆنفراسی کەش و هەوا(COP29) ئازەربایجان پێشنیاری ئەوەی کرد کە تاساڵی 2030 ڕێژەی دەستکەوتنی وزە لە با و خۆر دەگەیێنێتە 30% ئەمەش دەرخەری گرنگی پێدانی ئازەربایجان بە وزەی نوێبوونەوە و پاك دەردەخات( Global Energy Moniter,november2024)

٣- **بەهێزیی ئابووری**: ئازەربایجان لە ڕووی ڕکابەرییەوە لە پلەی ٢٥ی جیهاندایە. هەروەها یەدەگی ئاڵوگۆڕی دراوی بیانی وڵات بۆ 50 ملیار دۆلاری ئەمریکی زیادی کردووە و قەرزی دەرەکی وڵات 17%ی بەرهەمی گشتی ناوخۆ پێکدەهێنێت. قەبارەی وەبەرهێنانەکان لە وڵاتەکەدا لە دوای ساڵی 2020 گەیشتە ٢٧٠ ملیار دۆلاری ئەمریکی. نەوت و گاز 70%ی هەناردەی ئازەربایجان 50% بودجەی دەوڵەت پێکدەهێنن. لەدوای ساڵی 2020 ئازەربایجان لە وڵاتێکی قەرز وەرگرەوە گۆڕا بۆ وڵاتێکی بەخشەر. ئەمڕۆ ئابووری ئازەربایجان 70%ی ئابووری ناوچەی قەفقازی باشوور

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

پێکدەهێنێت. بە دڵنیاییەوە هیچ پرۆژەیەکی ناوچەیی و نێودەوڵەتی لەم ناوچەیەدا نییە کە ئازەربایجان ڕۆڵی سەرەکی تێدا نەبێت. بۆ نموونە پرۆژەکانی TAP و TANAP.(رحيموڤ، يوليو٢٠٢٤)

**٤- ژێرخانی ئازەربایجان سەبارەت بەوزە:** یەدەگی نەوتی ئازەربایجان تا کۆتایی ساڵی (2023) گەیشتیتە 7 ملیار بەرمیل، بە بەراورد بە ساڵی(2022)هیچ گۆڕانکارییەکی بەسەردا نەهاتووە، بەپێی خەمڵاندنەکانی گۆڤاری نەوت و گاز، کە لەلایەن یەکەی توێژینەوەی وزە پێداچوونەوەی بۆ کراوە. بەپێی پێداچوونەوەی ساڵانەی ئاماری وزە کە لە ساڵی ٢٠٢٣ بۆ یەکەمجار لەلایەن دامەزراوەی وزەوە بڵاوکرایەوە، یەدەگی نەوتی سەلمێنراو ٧ ملیار بەرمیلە، لە ساڵی ٢٠٠٢ەوە بە شێوەیەکی بنەڕەتی نەگۆڕاوە. ئەم یەدەگی نەوتە زۆر زیاترە لەو ژمارەیەی کە نزیکەی دوو دەیە لەمەوبەر تۆمارکرابوو کە بڕی یەک ملیار و 200 ملیۆن بەرمیل بوو. (الطاقة،نوفمبر2024)، هەروەها بوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە پرۆژەی ئابووری زیاتر ژێرخانی ئابووری و وزەی بەرەو تێشەوە بردوە، لەلایەکی دیکەوە ڕیژەی بەرهەمهێنانی نەوتی خاو لەساڵی ٢٠٢٤ کەیشتۆتە (٤٨٨) هەزاربەرمیل لە ڕۆژێکدا، لە هەمانکاتدا ریژەی یەدەگی غازی سروشتی لە ئازەربایجان بە (١.٧) ترلیۆن مەتر سێجا مەزەندە دەکرێت، لەکاتێکدا لە ساڵی ٢٠٢٢ بە ڕێژەی (٢.٥) مەزندە دەکات ئەمەش زیاتر ژێرخانی ئازەربایجانی لەبواری وزەدا بەهێز کردوە.( الطاقة،نوفمبر2024)

**دووەم: ڕۆڵی وزە لە ستراتیجەتی تورکیا و بەهێزبوونی پێگەکەی**

تورکیا لە ڕووی جوگرافییەوە لە ناوچەیەکدایە زۆربەی یەدەگی گاز و نەوتی جیهانی لێ بەرهەم دێت یان دەگوازرێتەوە. سەرەڕای ئەوەی تورکیا لە باکور و ڕۆژهەڵات و باشووری ئەو وڵاتەدا نەوت و گاز بوونی هەیە، بەڵام یەدەگی سەلمێنراوی نەوت و گاز لە تورکیا بەس نییە بۆ بەردەوامبوونی خواستی نیشتمانی. بۆیە تورکیا بۆ گەشەسەندنی ئابووریەکەی پێویستی بە سەرچاوەی وزەی دەرەکی هەیە بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی گەشەی ئابووری. بۆ ئەم مەبەستەش تورکیا کار لەسەر سیاسەتێکی جەختکەرەوەی وزە دەکات، کە بریتییە لە بوون بە ناوەندێکی وزە لە نێوان بەرهەمهێنەران و بەکاربەراندا. هەروەها ببێتە پردێک لە نێوان وڵاتانی ئەوروپا وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست و خەزەر(قەزوین) و ئاسیای ناوەڕاست (Göral,2023:95) . پەیرەوکردنی ئەم سیاسەتە لەوە سەرچاوەدەگرێت کە بەگوێرەی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا ٧٤% پشت بە هاوردەکرنی وزەی دەرەکی دەبەستێت، لە هەمانکاتدا ئامانجی بەشداریکردنە لە دابینکردنی ئاسایشی وزەی ناوچەکە، چونکە لە ڕووی هەڵکەوتەییەوە کەوتۆتە ناوچەیەک ٦٤% یەدەگی نەوت و گازی سروشتی تێدایە، کەواتە ئەو توخمە بنەڕەتیانەی کە ڕەهەندی نێودەوڵەتی ستراتیجی وزەی تورکیا پێکدەهێنن **بریتین لە** (Republic of Turkey, Minstry of Foreign Affairs,2022**)**:

1. دڵنیابوون لە هەمەچەشنکردنی ڕێڕەو و سەرچاوەکان لە دابینکردنی نەوت و غازی سروشتیدا، بە لەبەرچاوگرتنی زیادبوونی خواست و پشتبەستن بە هاوردە.
2. بەشداریکردن لە ئاسایشی وزەی ناوچەیی و جیهانی.
3. بۆ ئەوەی ببێتە ناوەندێکی بازرگانی ناوچەیی لە بواری وزەدا.
4. ڕەچاوکردنی کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و ژینگەییەکان لە چوارچێوەی گەشەپێدانی بەردەوامدا لە هەموو قۆناغەکانی زنجیرەی وزەدا.
5. زیادکردنی پشکی وزەی ناوخۆیی و نوێبووەوە لە بەرهەمهێنانی کارەبادا.
6. بۆ ئەوەی هێزی ئەتۆمی بخاتە ناو تێکەڵەی وزەی خۆیەوە.

لەگەڵ ئەمەشدا لەبەرئەوەی لە وزەدا خۆبژێو نییە، بۆیە ئامانجی ئەوەیە کە شوێنی جوگرافیای خۆی وەک پلاتفۆرمێک نیشانبدات، لە پێناو دابینکردنی ئاسایشی وزەکەی، لە هەمان کاتدا قورسایی خۆی لە هاوکێشە جیۆپۆلیتیکیە نێودەوڵەتییەکانی وزەدا زیاد بکات(سلمي،يناير2022) ، جەختکردنەوە لەم ستراتیجیەتە لەلایەن تورکیا لەوە سەرچاوە دەگرێت کە تورکیا کێشەی وابەستەیی وزەی هەیە. لە دوو دەیەی ڕابردوودا، پێداویستییەکانی ئەنقەرە لە زیادبووندایە و پێشبینی دەکرێت بە ڕێڕەوێکی بەرەو سەرەوە بەردەوام بێت تا ساڵی ٢٠٣٥ نزیکەی هەموو ئەو وزەیەی کە بەکاری دەهێنێت هاوردە دەکات. ئەم پشتبەستنە بە هاوردەکردنی وزە، بەربەستی ئابووری و ئاسایشی وزە بۆ ئەنقەرە دروست دەکات (Siccardi,2022:2 ).

ئەم ئاراستەیە وادەکات تورکیا به یەکێک لە کاریگەرترین فاکتەرەکانی دابینکردنی ئاسایشی وزە لە ناوچەکە دابنرێت، چونکە پێگە جوگرافی و جیۆپۆلیتیکیەکەی وادەکات هەم لەنێو بازنەی کێبرکێی بەدەستهێنانی سەرچاوەی وزەیە و هەمیش ڕێڕەوێکی گرنگی گواستنەوەی وزەی جیهان بێت ، تورکیا یەکێکە لە کێبرکیکارانی سەرچاوەکانی وزە لەم بوارەدا کە وڵاتێکی بەکاربەرە هەوڵدەدات دوو لایەنەبێت، هەم خۆی بکاتە دابەشکار و بەستەری سەرەکی، هەمیش بەدەستهێنانی سەرچاوەی وزە(سلمي، يناير2022)کەواتە ئەمە ڕووندەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەی تورکیا وڵاتێکی بەرهەمهێنەری وزە نییە، بەڵام هەڵکەوتەی جوگرافیاکەی ئاماژەیەکی ئەرێنی بە تورکیا بەخشیوە ببێتە جێگای تێرامان و سەرنجی وڵاتانی جیهان بەتایبەت ئەوروپا بۆئەوەی بەلایەنی کەم ئاسایشی وزە دابینبکات.

## تەوەرەی دووەم: ڕۆلی وزە وەک فاکتەرێکی ئاسیشی لەستراتیجەتی تورکیا بەرانبەر ئازەربایجان دوای ٢٠٢٠

ستراتیجیەتی تورکیا پالپشت بە فاکتەری وزە هەنگاوە کردەییەکانی لە پێناو پتەوترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئازەربایجان خێراترکردوە، بەمەبەستی گەیشتن بە قۆناغی دەستەبەرکردنی ئاسایشی وزەی، ئەم تەوەرەیە دابەش دەبێت بۆ دوو خاڵ:

### یەکەم: ستراتیجیەتی ئاسایشی وزەی تورکیا بەرامبەر ئازەربایجان دوای ٢٠٢٠

لەبەرئەوەی ناوچەی باشوری قەفقاز کە دەوڵەمەندە بە سامانی نەوت و گاز، زۆرجار هۆکارێک بووە بۆ ململانێی نێوان دەوڵەتانی هەرێمیی و نێودەوڵەتی(شكرى، قدري، اوكتوبر2023). پالپشت بەم گرنگیەی کە ناوچەکە هەیەتی و بەتایبەت ئازەربایجان، بۆیە تورکیا هاوشانی ویستێکی هەمیشەیی مێژوویی لە چوارچێوەی هزری تۆرانی بەرانبەر بە ئازەربایجان کە هەیەتی، بەڵام چەندین فاکتەر و پاڵنەر هەن هۆکارن بۆئەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان پتەوبێت بەتایبەت فاکتەری وزە، چونکە ئازەربایجان خاڵێکی گرنگ و چەقی قوڵایی ستراتیجیەتی تورکیا پێک دەهێنێت بۆئەوەی بتوانیت کۆنترۆل و هەژموونی هەبێت بەسەر ناوچەی قەفقاز بەپشتبەستن بە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەڵکەوتەی جوگرافیا و جیۆپۆلەتیکیەکەی، هەروەها تاکە دەروازەیە بۆ ئەم ناوچەیە و پردی بەیەکەوە بەستنەوەیە بە ئەوروپا، لەگەل ئەمەشدا ئازەربایجان بازارێکی زۆرگرنگە بۆ تورکیا لە ڕووی ئابوورییەوە، کەواتە بوونی پرسی وزە فاکتەرێک و پاڵنەرێکی گرنکی ئەم پەیوەندییە گرنگەی نێوانیانە(جاسم، 333:2020). ئەم قوڵایی ستراتیجیەی ئازەربایجان بۆتورکیا هۆکارێکە بۆ ئەوەی تورکیا بە ئاشکرا و بە ڕوونی پالپشتی بکات، کاتێک شەڕی دووەمی قەرەباخ لە ٢٧ی ئەیلولی ٢٠٢٠ سەریهەڵدا، دوای پێکدادانێکی کورتخایەنی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان لە دەوروبەری (توز)لە تەمموزی ٢٠٢٠. شەڕەکە دەستکەوتی بەرچاوی بۆ ئازەربایجان لە ناوچەی ناگۆرنۆ-قەرەباخی بەدەست هێنا. تورکیا لە م ئۆپراسیۆنە دا ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە کۆنترۆڵکردنەوەی ناگۆرنۆ-قەرەباخ بۆ ئازەربایجان لە باکۆ؛ لە ڕێگەی پاڵپشتی سەربازی و دیپلۆماسییەوە. بەشێوەیەک فڕۆکە بێفرۆکەوانەکانی بەرگری تورکیا لە لیستی چەک و کەرەستەی سەربازی جۆراوجۆردا بوون کە بۆ ئازەربایجان دابینکرابوون. (كينيك، جليك،120:2022).

لەسەر ئەم بنەمایە تورکیا ستراتیجیەتی هاوسەنگی هێز و زیادکردنی هەژموون لە ناوچەی قەفقاز پەیڕەو دەکات، بۆیە هەوڵی هاوسەنگی ئازەربایجان لە بەرامبەر ئەرمینیا لەشەری قەرەباخ و دروست کرد. چونکە فاکتەرێکە بۆ ئەوەی تورکیا پێگە و ڕۆڵی ناوچەیی زیاتربکات، لەرێگەی بەشداریکردن لە دانوستانەکانی ململانێکان، یان جەنگ ، یان دیبلۆماسی ، چونکە لەنێو ئەم ململانێیانە دا چەندین ڕکابەری ناوچەیی و نێودەوڵەتی هەیە. بەڵام هەم پێگەکەی و هەمیش هەوڵەکانی دەیکاتە ڕێڕەوێکی ستراتیجی بۆ گواستنەوەی وزە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قەفقازەوە بۆ ئەوروپا. بەتایبەت لەگەڵ ئازەربایجان (حسين،22اغسطس 2023).

لە چوارچێوەی ئەم ستراتیجیەی تورکیا پەیوەندییەکانی نێوانیان پتەوتر بووە، بەتایبەت لەو کاتەوەی پارتی دادو گەشەپێدان بەسەرۆکایەتی ·ڕەجەب تەیب ئەردۆغان) لەساڵی ٢٠٠٢دەسەڵاتی گرتە دەست، تورکیا ئارەزووی "زیادبوون"ی نیشانداوە بۆ فراوانکردنی کاریگەرییەکانی لە ناوچەی قەفقاز وەک دەروازەیەک بۆ گەیشتن بە وڵاتانی تورک زمان لە ئاسیای ناوەڕاست، ستراتیجییەک کە زۆرجار بووەتە سەرچاوەی گرژییەکان لەگەڵ وڵاتانی هەرێمیی(شكري،قدري، 2اكتوبر2023) ، بۆیە پرۆژە ستراتیجییەکان لە نێوانیان هەمیشە جێبەجێدەکرێن، گرنگترین پرۆژەی ڕێڕەوی

(زەنگزۆر)(هيكل، 18ديسمبر2024) ، ئەم ڕێڕەوە ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕێت لە زیادکردنی پەیوەندیی ناوچەیی، کاریگەرییەکەی فراوانتر دەبێت بۆ بەستنەوەی ئەورووپا بە ئاسیا، بەشداری دەکات لە فراوانکردنی پەیوەندییە ئابووری و بازرگانییەکانی نێوان وڵاتان، هەروەها پێگەی قەفقازی باشوور لە سیستەمی پەیوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان بەهێزتر دەکات. لەلایەکی دیکەوە ئەم پرۆژەیە بە ڕێڕەوێکی "تۆرانی" وەسف کراوە، وەک ئاماژەیەک بۆ بزووتنەوەی یەکگرتوویی نێوان نەتەوەی تورک، لە کاتێکدا تورکیا هەوڵدەدات بگاتە ناوچە مێژووییەکانی کاریگەریی خۆی لە ئاسیای ناوەڕاست. پرۆژەکە خزمەت بە هەوڵەکانی ئەنقەرە دەکات بۆ دووپاتکردنەوەی ڕۆڵی خۆی لە سەرکردایەتیکردنی ناوچەی ئۆراسیای تورکیا، هەروەها گرووەکانی "ڕێکخراوی دەوڵەتانی تورک" بەرز دەکاتەوە، کە پێکهاتووە لە تورکیا، ئازەربایجان، کازاخستان، ئۆزبەکستان و قیرغیزستان، جگە لە تورکمانستان وەک چاودێرێک(عودة، 3اكتوبر2023).

بەهۆی گرنگی جیۆستراتیجیی ئەم ڕێڕەوە ئیلهام عەلییێڤ سەرۆک کۆماری ئازەربایجان دوای دیدارەکەی لە ٢٥ی ئەیلولی ٢٠٢٣، لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆک کۆماری تورکیا، لە پارێزگای نەخچیڤانی ئازەربایجان، ئاماژەی بەوەدا وتی: دڵنیام ئەم پرۆژەیە بە سەرکەوتوویی گەشە دەکات وخزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئازەربایجان و تورکیا و وڵاتانی دیکە دەکات." (شكري،قدري، 2اكتوبر2023). لەهەمان کاتدا، ئەردۆغان ڕایگەیاند، وڵاتەکەی "هەموو هەوڵێک دەدات بۆ کردنەوەی ئەم ڕێڕەوە، چونکە بۆ تورکیا و ئازەربایجان زۆر گرنگە، هەروەها پرسێکی ستراتیجیە و دەبێت تەواو بکرێت بە کردنەوەی برایەتی تورکیا و ئازەربایجان زۆر بەهێزتر دەبێت"(العلبي، 30سيتمبر2023). کردنەوەی ئەم ڕێڕەوە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی پێگەی تورکیا وەک ناوەندێک بۆ گواستنەوەی وزە و کاڵا لە ئاسیای ناوەڕاستەوە بۆ بازاڕەکانی ئەورووپا لە ڕێگەی ڕێگا بەدیلەکانەوە کە خاکی ڕووسیا بەدەر دەکات، هەروەها ناوچەی قەفقازی باشوور زیندوو دەکاتەوە کە نوێنەرایەتی ڕێڕەوێک دەکات لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، (تومار،5اكتوبر2023). کەواتە بەهێزتر بوونی پەیوەندییەکانی نێوان تورکیا و ئازەربایجان زیاتر دڵنیایی ئاسایشی دەبەخشێت بە تورکیا، بەشێوەیەک وابەستەبوونی تورکیا بە وزەی ئێران و ڕوسیا کەمتر دەبێت و زیاتر هەنگاو دەنێت بەرەو فراوانبوونی هەژموون و دەستکەوتی زیاتر وزە بۆ پرکردنەوەی پێداویستییەکانی .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەرەڕای ئەم پرۆژەیە چەندین پرۆژەی دیکەش هەن وەک پرۆژەی "بەدناو" نابوکۆ، تا ئێستا لە بەرنامەی کاری نێوانیاندا هەیە و کاری لەسەر کراوە، بەڵام تەواو نەبووە، ، ئەمەش لە نێوان دەستکەوتە سەرەکییەکانی تورکیا لە ڕووی گواستنەوەی وزە، گازی سروشتی ئازەری هەیە کە لە ڕێگەی بۆری باکو-تفلیس-ئەرزرومەوە دەگوازرێتەوە بۆ یۆنان. بەڵام گەیاندنی بۆ یۆنان بەهۆی هۆکاری جیاوازەوە لاوازە. (Rzayeva, 2015). دەستکەوتێکی دیکەی دیار پرۆژەی بۆری تورکستریمە (TPP) کە تا ٣١.٥ ملیار مەتر سێجا غازی ڕووسیا دەگوازێتەوە بۆ باشوور و باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا(Göral,2023:95). دەکرێت بڵین، ستراتیجیەتی تورکیا لەدوای ٢٠٢٠ بەڕانبەر ئازەربایجان هەڵگری چەندین بواری سەرەکییە، لە گەیشتن بە هاوسەنگی هێزوە بگرە تادەگاتە بەرزکردنەوەی ڕۆڵ و پێگەی تورکیا بە پشتبەستن بە پێگە سەرەکیەکەی ئازەربایجان کە بە چەقی قوڵایی ستراتیجی تورکیا دادەنرێت. وپەیوەندییەکانی نێوانیان زیاتر بەهێزتر بووە.

## دووەم: پرۆژە هاوبەشە وزەییەکانی نێوان تورکیا وئازەربایجان دوای 2020

تورکیا وئازەربایجان لە سەر بنەمای دەستەبەرکردنی ئاسایشی وزە و پشتبەستن بەیەکتر هەنگاوی کردەییان گرتیتەبەر، ئەم هەنگاوەش چەندین پرۆژەی هاوبەشی وزەییان لەنێوانیان دا هەیە، گرنگترین پرۆژەکان ئەمانە:

### ١-بۆری باکو-تبلیسی-جەیهان: BakU-Tbilisi-Ceyhan Pipeline (BTC)

ئەم پرۆژەیە گرنگیەکی جیۆستراتیجی هەیە وەك لە وێنەی ژمارە (1) بەدیاردەکەوێت، بەشێوەیەک هەریەک لە ڕوسیا و ئێران گرنگیەکی زۆریان پێدەدا بۆئەوەی بەویست و بەرژەوەندی ئەوان بێت، بەڵام دواجار گرنگی ئەمەریکا و تورکیا زیاتر لەبەرچاو گیرا، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ململانێەک بوونی هەیە لە نێوان دەوڵەتانی زلهێز لەسەرئاستی هەرێمیی و نێودەوڵەتی، دواجار لەبەرژەوەندی تورکیا و ئەمەریکا کۆتایی پێهات(Cornell,2005:25) بۆیە بە کێک لە گرنگترین پرۆژەکانی گواستنەوەی وزە لە نێوان تورکیا و ئازەربایجان دادەنرێت. ئەم هێلە نەوتی خاو لە کێڵگەکانی نەوتی ئازەری-چیراگ-گونەشلی لە دەریای خەزەر(قەزوین) تا بەندەری جەیهانی تورکیا لەسەر دەریای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناوەڕاست کەنار دەریا دەگوازێتەوە، بۆڕییەکە کە لە ساڵی٢٠٠٦ کرایەوە، یاری بەڕۆڵی چارەنووسساز لە هەمەچەشنکردنی دابینکردنی نەوت بۆ تورکیا دەکات (Dufey,2009:9).

کەواتە ئەم بۆڕیە نەوتی خاو لە باکۆی ئازەربایجانەوە بەناو تبلیسی جۆرجیادا تێدەپەڕێت و لە جەیهان لە تورکیا کۆتایی دێت. ئەم ڕێڕەوە بۆ سامانە نەوتییەکانی ئازەربایجان دروستکراوە و بەمەبەستی دەربازبوون لە ڕووسیا و ئێران ، توانای یەک ملیۆن بەرمیل نەوتی لە ڕۆژێک دا هەیە و هەناردەکردنی نەوتی ئازەربایجانی بە شێوەیەکی بەرچاو زیادکردووە (Novikan,Muhasilovic,2023:3,) بەشێوەیەک ئازەربایجان لەسەدا ٨٠ی هەناردەکردنی نەوتەکەی لەم ڕێگەیەوە هەناردەدەکات (أحوال االتركية،28سبتمبر2022)

نەخشەی ژمارە(1) **هێڵی بۆری باکو-تبلیسی-جەیهان**




المصدر:(سلمى،2024)

**٢--بۆری باشووری قەفقاز South Caucasus Pipeline (SCP):**

بۆری باشوور قەفقازی هێڵی هەناردەکردنی غازە، غازی سروشتی لە کێڵگەی شا دەنیز کە دەکەوێتە دەریای خەزەری(قەزوین) ئازەری بۆ ئازەربایجان و جۆرجیا و تورکیا دەگوازێتەوە وەك لە خشتەی ژمارە(2) دا بەدیاردەکەوێت. بۆڕییەکە درێژییەکەی ٦٩٢ کیلۆمەترە، لە مانگی ئەیلولی ٢٠٠٦ دەستی بە گەیاندنی غاز بۆ ئازەربایجان و جۆرجیا کردووە، گەیاندنی غاز بۆ تورکیا لە قۆناغی یەکەم

دا لە تەمموزی ٢٠٠٧ دەستیپێکردووە. بەڵام بەشێوەیەکی بەرفراوان و لە دوای قۆناغی یەکەم لەساڵی 2018 گەیشتۆتە تورکیا، و لەساڵی ٢٠٢٠ هەناردەی ئەوروپا کراوە،( December 10 (Offshore technolog y - 2012، هەروەها درێژی ٤٤٣ کم لە ئازەربایجان و ٢٤٨ کم لە جۆرجیا. تیرەکەی 42 ئینج . بەپێی ئاماری بی پی ئازەربایجان، لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠١٦دا، کۆمپانیای SCP نزیکەی ١٣ ملیۆن دۆلاری لە خەرجییەکانی کارکردن و نزیکەی ٤٩٨ ملیۆن دۆلاری لە خەرجییە سەرمایەییەکان خەرجکردووە. تێکڕای بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی کۆمپانیای SCP لە نیوەی یەکەمی ساڵی ٢٠١٦دا نزیکەی ٢٠,١ ملیۆن مەتر سێجا غاز بووە لە ڕۆژێکدا (ئەم پرۆژەیە لەماوەی کارکردنیدا ڕۆژانە (٦١.٧) ملیۆن مەتر سێجا غازی هەناردەی کردوە( Benashvili,2016:39

ئە پرۆژەیە بەشێکە لە ستراتیجیەتی فراوانترکردنی ڕێڕەوی غازی باشوور، و ئامانجی گواستنەوەی غازی خەزەر(قەزوین)ە بۆ ئەوروپا، بەشێوەیەک بە بڕبڕەی پشتی پرۆژەکانی ترانس ئەنادۆڵ بۆری غازی سروشتی (TANAP) و بۆری ترانس ئادریاتیک (TAP)،دادەنرێت. ئامانجی بەشداربوونی تورکیا لەم پرۆژەیە بریتییە لە بەهێزکردنی ئاسایشی وزە و دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوەی نوێی غازی سروشتی و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە هاوردەکردنی غازی ڕووسیا (عبدالحسن، یولیو2017)، ئەم هێلە قەبارەی بازرگانی نێوان وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و یەکێتی ئەوروپا زیاد دەکات، بەشێوەیەک لە سەرەتای شەڕی ڕووسیا و ئۆکراین بە شێوەیەکی بەرچاو ئەم قەبارەیە زیادی کردووە. لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٢دا قەبارەی ئەو کاڵایانەی کە لەم ڕێگایەدا تێدەپەڕن ٢.٥ هێندە زیادیکردووە و گەیشتووەتە یەک ملیۆن و نیو تۆن. لە ساڵی ٢٠٢٤دا گەیشتۆتە ( ٤) ملیۆن تۆن، پێشبینشن دەکرێت لە ئەم ڕێژەیە زیابکرێت بۆ ١٠ ملیۆن تۆن( Rebiere, Ramadan, April2024

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نەخشەی ژمارە(2) **بۆری باشووری قەفقاز**




Source(Atiya,Cetin,Gulen,2012, 94)

**٣-بۆری غازی سروشتی ترانز ئەنادۆڵ (TANAP):**

ئەم پرۆژەیە لە ١٧ی تشرینی دووەمی ٢٠١١ لە سێیەمین لوتکەی وزە و ئابووری دەریای ڕەشدا کە لە ئەستەنبوڵ بەڕێوەچوو ڕاگەیەندرا، بۆری غازی تاناپ، غازی ئازەربایجان لە کێڵگەکانی دەریای خەزەرەوە دەرهێنراوە بۆ تورکیا و ئەوروپا دەگوازێتەوە، (الترکي، 13یونیو2018). بۆرییەکە لە ساڵی ٢٠١٨ کرایەوە، و یەکێکە لە گرنگترین پرۆژە تەکنیکی و ئابوورییەکان بۆ تورکیا وەك لە نەخشەی ژمارە (3) دا بەدیار دەکەوێت ، لە نێوان ئازەربایجان و تورکیا و وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا ڕێککەوتنی لەسەر کرا بۆ هەناردەکردنی ١٦ ملیار مەتر سێجا بۆ تورکیادا ، و... 15 ملیار مەتر سێجا بۆ بازاڕی ئەوروپا لە ڕێگەی بۆریی تاپەوە، کە بە بۆریی تاناپەوە لە سنووری تورکیا دەبەسترێتەوە.(الشاغل،نوفمبر2024)

لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا کە لە ڕێگەی ڤیدیۆ کۆنفرانسەوە لە ڕێکەوتی ١٥یونیو ٢٠١٩ سازکرا، سەلتوک دوزیۆل، بەڕێوەبەری گشتی پرۆژەی بۆری غازی ترانس ئەنادۆڵ ڕایگەیاند، تورکیا ساڵانە زیاتر لە یەک ملیار و 500 ملیۆن دۆلار لە داهاتی گواستنەوەی غازی سروشتی لە ڕێگەی بۆرییەکەوە دەستدەکەوێت. دوزیۆل ئاماژەی بەوەشکرد ٤٥% ی پرۆژەکە تا ئێستا تەواو بووە.ڕوونیشیکردەوە، کۆی گشتی غازی سروشتی کە کۆمپانیای "بۆتاش"ی تورکی بۆری نەوت و غازی سروشتی بەدەستی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هێناوە، تا کۆتایی ساڵی ٢٠٢٢ نزیکەی 8.4 ملیار مەتر سێجا بووە (ترك برس،16یونیو2019) ، لەگەڵ ئەمەشدا بالیۆزی ئازەربایجان(رشاد محمدوف) لە تورکیا ئاماژەی بەوەکرد کە پرۆژەی تاناپ یەکێکە لە گەورەترین و گرنگترین هەنگاوەکانی هاوکاری سەرکەوتووانەی نێوان تورکیا و ئازەربایجان لە کەرتی وزەدا، لە هەمان کاتدا یەکێکە لە هەنگاوە ستراتیجیەکان کە تا ئێستا جێبەجێکراوە بۆ زیاتر هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی گازی سروشتی لە ئەوروپا و تورکیا" ، لەلایەکی دیکەوە (محمدوف) لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ پێگەی (قودسی العربی) ئاماژەی بەوەکرد" توانای هەناردەکردنی غاز لەرێگەی ئەم هێلەوە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردوە، تا ئەو ڕێژەیەی بۆ ئەم ساڵی واتا (٢٠٢٣) ڕێژەکە گەیشتۆتە (٢٢,٢) ملیار مەتر سێ جا ، بەشێوەیەک (١٠.٢) ملیار مەتر سێ جا بۆ تورکیا و (١٢) ملیار مەتر سێجا بۆ ئەوروپا هەناردەدەکات،" (القدس،12یونیو2023):

نەخشەی ژمارە(3) **بۆری غازی سروشتی ترانز ئەنادۆڵ**




المصدر:(الشاغل، 2020، 9)

بەشێوەیەکی گشتی گرنگی ئەم پرۆژانە سەرەوە بۆ تورکیا لەم خاڵانەی خوارەوە بەدیاردەکەوێت:

١- لە دابینکردنی پێداویستییەکانی غازی تورکیا گرنگییەکی زۆریان هەیە ، سەرچاوەیەکی وزە بە نرخێکی گونجاو بۆ هاووڵاتی تورکیا دابین دەکات.

٢- ڕاکێشانی کۆمپانیا ناوخۆیی وبیانییەکان بۆ وەبەرهێنان، ئەمەش بەواتای ڕاکێشانی پارەی وەبەرهێنان بۆ تورکیا، هەروەها دەرفەتی کارکردن بۆ هاووڵاتیانی تورکیا ڕەخساندووە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

٣-دابینکردنی داهات و باجێکی زۆر بۆ تورکیا لە ڕێگەی باجەوە کە بە گومرگ و کرێی ترانزێت و کرێی فرۆشتن و کڕین نوێنەرایەتی دەکرێت. بەو پێیەی تورکیا بە وڵاتێکی دابەشکەر دادەنرێت، واتە بەپێی نرخە نێودەوڵەتییەکان غاز دەکڕێت و دەیفرۆشێت.

٤- بەهێزکردنی پێگەی تایبەتی تورکیا لە کەرتی وزەی جیهانیدا، وفراوانکردنی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ دابینکەرانی وزە لە ناوچەکەدا بە شێوەیەک کە هەموویان بە تەواوی پشت بە تورکیا ببەستن.

## تەوەرەی سێیەم: ئامانجەکانی ئاسایشی وزەی لە ستراتیجیەتی تورکیا بەرانبەر ئازەربایجان دوای ٢٠٢٠

ئەم ستراتیجیەتە کە هەڵگریی ڕەهەندیی ئاسایشی وەیە بەرانبەر ئازەربایجان چەندین ئامانج لە خودەگرێت، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

**١-هەمەچەشنکردنی سەرچاوەکانی وزە و کەمکردنەی پشت بەستن بە ڕوسیا**

روسیا دووەم گەورەترین هەناردەکاری وزەیە لەسەر ئاستی جیهان، و سەرچاوەیەکی سەرەکی دابینکاری غازە بۆ تورکیا، بەشێوەیەک 33% تورکیا پشت بەسەرچاوەی غازی ڕوسیا دەبەستێت، بەجۆرێک تورکیا پشت بە سەرچاوەی وزەی ڕوسیا دەبەستێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی، بۆیە لەئەگەری ڕوودانی هەر ڕووداوێک لە ناوچەکە بەتایبەت لەنێوانیان لێکەوتەی دەبێت(کردي، 490:2020)، بەشێوەیەک کەرتی وزە لەرێزبەندی یەکەمی ئابووری نێوان هەردوو دەوڵەت دادەنرێت، ئازەربایجان دەولەمەندە بەسەرچاوەی سروشتی کە لە پێشوو باسمان کردوە، بۆیە تورکیا ئەو قورساییەی لەسەر شانی نەما کە تەنها پشت بە غازی هاوردەی روسیا ببەستێت، ئەمەش تێچووی بۆ تورکیا کەم دەکاتەوە(جاسم،.336:2020)، هاوتەریب لەگەل ئەمەدا، تورکیا وئازەربایجان خالی هاوبەش و بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە، چونکە ئازەربایجان زۆر گرنگە بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەی قەفقاز لەلایەن تورکیاوە، لە لایەکی دیکەوە ئازەربایجان بازارێکی نوێی بۆ ئابووری تورکیا فەراهەم کردوە، لەهەمان کاتدا دەوڵەمەندی ئازەربایجان بەنەوت و غاز لە بەرانبەر دا

نەبوونی ئەم سەرچاوەی وزەییە بۆ تورکیا فاکتەرێکە بۆ مانەوەی پەیوەندییەکانیان بە بەهێزی، چونکە نرخی نەوت و غاز بەکەمترین تێچو و هەرزانتر لە بازار دەست دەکەوێت(جاسم،333:2020). لەسەر ئەم بنەمایە، تورکیا کاردەکات بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و دەستپێکردنی شۆڕشێکی گەورەی وزە لەماوەی 30 ساڵی داهاتوودا، لەکاتێکدا وڵاتەکە هەوڵدەدات پشتبەستنی بە سەرچاوە هاوردەکراوەکانی وزە کەم بکاتەوە و سیستەمێکی وزەی هەمەچەشنتر و نوێبووە و کاراتر بگرێتەبەر، تەنها پشت بەیەک وڵات نەبەستێت(شكري، 2023).

**٢- پاراستنی ئاسایشی وزە وهەناردەکردنی لە ژێر کاریگەری ئالینگارییە هەرێمایەتییەکان**

لە ساڵی 2014وە گرژی نێوان ڕۆژئاوا و ڕوسیا وە، بەتایبەتی دوای لکاندنی هەرێمی قەرم لەلایەن ڕووسیا، بووەتە هۆی ناجێگیری، ئەم گرژیانە کاریگەری لەسەر ستراتیجی تورکیا لە دەستەبەرکردنی غاز لە ڕوسیا دروستکردووە، ئەمەش وایکردووە زیاتر پشت بە غازی ئازەربایجان ببەستێت، بەشێوەیەک لە مامەڵەکردن لەگەڵ مۆسکۆدا ڕووبەڕووی  فشارە سیاسییەکان دەبێتەوە. ناکۆکی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان سەبارەت بە ناگۆرنۆ قەرەباخ بەردەوامە و مەترسییەکی دیکەی لەسەر بۆری وزەی نێوان هەردوو وڵات دروست دەکات. هەرچەندە ململانێکان دوای ڕێککەوتنی ئاشتی لە ساڵی ٢٠٢٠دا شایەتییەکی تاڕادەیەک ئارامی بەخۆیەوە بینی، بەڵام تا ئێستاش ناسەقامگیری ناوچەکە وەک تەحەدایە کە بۆ ئاسایشی وزە(محمود، 2022:419 -420).   بەهۆی ئەم گرژی و جەنگ و ململانیانە دەوڵەتانی خاوەن نەوت لە قەفقاز پێویستیان بەرێرەوێکی سەرەکی دڵنیایی هەیە بۆ گواستنەوەی نەوت و غاز بۆ بازارەکانی جیهان، و ڕێڕەکانی هەناردەی غاز و نەوتی ئازەربایجان بە رێگای روسیا زۆر گونجاو سەقامگیر نیە بەهۆە بوونی ناکۆی نێوان ڕوسیا ئەمەریکا، لە هەمانکاتدا ڕێگای ئەرمینیا و ئێران یش گەونجاو نیە بەهۆی جەنگی ئەرمینیا و ئازەربایجان و ململانێی نێوان ئەمەریکا لە ئێران بەهەمان شێوە ئاستەنگی دروستکردوە، بۆیە ڕیگای گواستنەوەی وزەی ئازەربایجان لە جۆرجیاوە بەرەو تورکیا ڕیگایەکی نمونەییە کە دەیگەێنێتە ئەوروپا(جاسم،.336:2020).

لەم ڕوانگەیەوە تاراس کوزیو پرۆفیسۆر لە زانکۆی نیشتیمانی کیف لە ئەکادیمیایی موهیلا، پیوایە کە ئازەربایجان سەرەڕای ئەوەی کە دەوڵەتێکی دەوڵەمەندی وزەیە و دەکەوێتە ناوچەیەکی جیۆستراتیجی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە و ئۆراسیا. لەهەمان کاتدا ئازەربایجان دابینکەرێکی گرنگ و تازە پێگەیشتووی وزەیە بۆ تورکیا و ئیسرائیل و ئەوروپا و بەم پێیەش هاوپەیمانی ئەمریکایە لە کەمکردنەوەی قۆرخکاری ڕووسیا لەسەر دابینکردنی وزە بۆ یەکێتی ئەوروپا( Kuzio, November2020)، ئەمەش هۆکاریک بووە بۆ ئەوەی تورکیا لە یونیو ٢٠٢١ دا لەگەڵ ئازەربایجان "جارنامەی شوشە"ی واژۆ بکات. بەگوێرەی ئەم ڕێکەوتنە هەر هێرشێک بۆ سەر هەریەکێکیان بە هێرشکردنە سەر هەردوو لایەن دادەنرێت، هەروەها ئەو مەرجەش هەیە، هەردوو وڵات لەسەر هاوکاری سیاسی، ئابووری، بازرگانی، کولتووری، سەربازی و ئاسایشی وزە ڕێکبکەون(Avdaliani,2022:146)، لێرەوە واژو کردنی ئەم ڕێکەوتنامەیە ئاماژەیە بۆ گرنگی سیاسی تورکیا لە ناوچەی قەفقاز(علام، 25مارس2022). کەواتە لەپێناو دابینکردنی ئاسایش و دڵنیایی هەرێمیی تورکیا پاڵپشتی سەربازی پێشکەش بە ئازەربایجان کرد، بەشێوەیەك بەشداری لە سەروەری و سەرکەوتنی کرد لە شەڕی ٢٠٢٠دا (كينيك، جليك،126:2022). لەسەر بنەمای دابینکردنی ئاسایشی و گەیشتن بە قۆناغی دڵنیایی لە هەناردەکردنی وزەی ناوچەی قەفقاز، تورکیا هەنگاوی کردەیی گرتیتەبەر لەسەرووی هەموویانەوە پاڵپشتی سەربازی بەتایبەت بۆ ئازەربایجان بۆئەوە ڕێرەوێکی دڵنیایی دروست بێت بۆ گواستنەوەی وزە لە وڵاتانی قەفقاز بۆ جیهان. ئەم هەنگاوە سودێکی زۆری بۆ تورکیا هەیە، بەجۆرێک هەم پێداویستییەکان وزە فەراهەم دەبێت، هەمیش پێگەکەی بەهێزتردەکات.

**٣-فراوانکردنی بواری وەبەرهێنان وزە و بە هێزکردنی ڕۆڵی هەرێمایەتی تورکیا**

پێگەی تورکیا لەسەرئاستی جیهان زۆر گرنگ و ستراتیجیە تا ئەو قۆناغەی بە شادەماری سەرەکی گواستنەوەی وزە لە نێوان دەوڵەتانی خاوەن وزە و دەوڵەتانی بەکارهێنەر هەژماردەکرێت، نزیکترین ڕێگا و دڵنیایترین ڕێگایە بۆ هەناردەکردنی وزە و کاڵا بازرگانییەکان لە ناوچەی قەفقاز و بۆ ئەو ڕوپا و جیهان، بۆیە بەهۆی ئەم تایبەتمەندیانەوە تورکیا هەوڵی داوە سود وەرگرێت لە ڕێگەی

وەبەرهێنان بۆ زیادکردنی داهاتی نەتەوەیی، ئەمەش لەرێگەی پرۆژە هاوبەشەکانی ناوچەکە دەبێـت، بەتایبەت لەگەڵ ئازەربایجان(محمود، 480:20221). دوابەدوای ئەو سەرکەوتنە سەربازییەی کە ئازەربایجان بەرامبەر ئەرمینیا لە قەرەباخ بەدەستی هێنا، تورکیا وئازەربایجان رێککەوتن لەسەر کردنەوەی رێڕەوێکی وشکانی کە زەویەکانی ئازەربایجان و نەخچیڤان(Nakhchivan ) بۆ یەکەمجار لە ماوەی نزیکەی سەدەیەکدا بەیەکەوە ببەستێتەوە. تورکیا پێی وایە ئەم رێرەوە بە واتای کردنەوەی سەردەمێکی نوێ لەسەر ئاستی جیۆپۆلەتیکی و جیۆئابووری نێوان تورکیا و کۆمارە دێرینەکانی لە ئاسیای ناوەڕاست دێت، هەروەها دەرگا بە شێوەیەکی بەرفراوان لەڕووی بازرگانیەوە بەرانبەر وڵاتانێک کە ٣ ملیۆن هاوڵاتییان هەیە بۆ دەکرێتەوە، وکردنەوەی ئاسۆی گەورە لە بواری وزە بۆ بەدەستهێنانی کاریگەری سیاسی و سەربازی لە ناوچەکەدا، ئەمەش وادەکات کە کاریگەری ناوچەیی و نێودەوڵەتی زیاد بکات. بەشێوەیەك خەمڵاندنەکانی تورکیا باس لەوە دەکەن، ئەگەر هێڵی ڕاستەوخۆی نوێ بۆ گواستنەوەی غاز لە نێوان تورکیا و ئازەربایجان لە رێگەی (نەخچیڤان)ەوە دروست بکرێت، ئەوا تورکیا غازی هەرزانتر لە ئازەربایجان دەستدەکەوێت و وردە وردە دەبێتە بەدیلێک بۆ غازی ئێرانی، بەو پێیەی تورکیا بۆ هەر هەزار مەتر سێجا ئێرانی 490 دۆلار دەدات ، لە کاتێکدا ئەم تێچوونە دەتوانێت تا ساڵی ٢٠٢٦ بۆ ٣٣٥ دۆلار کەم ببێتەوە(جمال،22اکتوبر2020).

کەواتە ئەم هاوکێشە جیۆپۆلیتیکیە نوێیەی کە لە ئەنجامدا بریاریان لەسەر چارەنووسی ناوچەی قەرەباخ دا، بریتییە لە دروستکردنی هاوسەنگی نوێ لە قەفقاز، بەو پێیەی ڕۆڵی تورکیا زیاتر بەدیارکەوتووە، ئاواتەخوازی ئەوەیە کە فەزایەک دروست بکات لە بۆسفۆرەوە بۆ باشووری قەفقاز درێژدەبێتەوە(محمد،19ینایر2024). ئەم پیگە بەهێزەی تورکیا هۆکاریک بووە بۆئەوەی لە ٤ی حوزەیرانی ٢٠٢٤، کۆمپانیای سۆکاری ئازەربایجان و کۆمپانیای بۆتاشی تورکی ڕێککەوتنیان لە بواری دابینکردن، گواستنەوە، و ترانزێتی غازی سروشتی واژۆکرد.لە مەراسیمی واژۆکردنەکەدا هەریەک لە وەزیری ئابووری و سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری کۆمپانیای سۆکار، میکایل جاپارۆڤ و وەزیری وزە و سامانە سروشتییەکانی تورکیا، ئالپ ئەرسلان بایراکتار بەشدارییان کرد. بە پشتبەستن بە ڕێککەوتنی "هاوکاری لە بواری غازی سروشتی" کە لە ١٤ی ئایاردا لە نێوان حکومەتەکانی هەردوو

وڵات واژۆ کراوە، ڕێککەوتنە واژۆکراوەکان بریتین لە دابینکردنی غازی سروشتی لەلایەن کۆمپانیای سۆکارەوە بۆ تورکیا، گەیاندنی غازی ئازەربایجان بۆ بازاڕی بولگاریا لە ڕێگەی تورکیاوە، و هاوکاری لە بواری دابینکردنی غاز بۆ نەخچیڤان، و دابینکردنی غازی تورکمانستان بۆ تورکیا لە ڕێگەی ئازەربایجانەوە. هەروەها ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا لە پەیامێکدا کە لەلایەن وەزیری وزە و سامانە سروشتییەکانەوە ئالپ ئەرسلان بایراکتار خوێندرایەوە، لە کردنەوەی بیست و نۆیەمین پێشانگای نێودەوڵەتی نەوت و گازی سروشتی دەریای خەزەر، جەختی لەوە کردەوە کە پڕۆژە هاوبەشەکانی نێوان وڵاتەکەی و ئازەربایجان نەک تەنها بەشدارییەکی گەورەی هەردوو وڵاتەکە یە، بەڵام بۆ ئاسایشی وزە لە ناوچەکە و ئەوروپاشدا گرنگە(مركز التوزيع الطاقة،4ابريا2024).

هاوشانی پرۆژەکانی لەگەڵ ئازەربایجان چەندین پرۆژەی دیکەی هاوبەشی هەیە، ئەم پڕۆژانە دەتوانن تورکیا بکەنە ناوەندێکی گرنگ بۆ گواستنەوەی وزە، ئەمەش دەبێتە وڵاتێکی سەرەکی کە کۆنترۆڵی گرنگترین بۆری وزە و میحوەری ئابووری لە سەرانسەری جیهاندا بکات، ئەمەش وا دەکات ڕۆڵێکی دیبلۆماسی و یاریزانێکی سیاسی کاریگەر لە گۆڕەپانەکەدا هەبێت، بە تایبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەو وڵاتانەی وزە لە ڕێگەیانەوە دەگوازرێتەوە وڵاتانی ناوەندین لە سەرانسەری جیهان، وەک ڕووسیا و وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا(السلمي،24مارس2024) .

ئەم پێشهاتە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هاوسەنگی هێزی ناوچەیی و جیهانی لە بەرژەوەندی تورکیادا دەگۆڕێت، کە پێدەچێت چالاکییەکی سیاسی و دیپلۆماسی تۆکمە لە پرسە ناوچەیی و جیهانییەکاندا هەبێت، بە تایبەت کە دڵنیا دەکرێتەوە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی دەستوەردان لە کاروباری تورکیادا ڕادەگرن لە ڕووی سیاسی و ئاشایشەوە یان تەنانەت لە میدیاشدا(البيك،28سبتمبر2020). لێرەدا بەدیاردەکەوێت کە بەهێزکردنی پێگەی ناوچەیی تورکیا لە ڕێگەی ئاسایشی وزە لەگەڵ ئازەربایجان پێویستی بە جێبەجێکردنی ستراتیجی زیرەک هەیە کە شوێنی جوگرافی، هاوپەیمانییە سیاسییەکان و پرۆژە هاوبەشەکانی وزە بەکاربهێنێت. تورکیا بە پێگەی خۆی وەک ناوەندێکی وزە و هاوکاری لەگەڵ ئازەربایجان دەتوانێت کاریگەری ئابووری و سیاسی ناوچەیی و نێودەوڵەتی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەدەستبهێنێت، و خۆی وەک یاریزانێکی سەرەکی لە هاوکێشەی ئاسایشی وزەی جیهانیدا جێگیر بکات.

## تەوەرەی چوارەم: دەرفەت و ئالینگارییەکانی بەردەم ستراتیجیەتی ئاسایشی وزەی توركیا بەرانبەر ئازەربایجان دوای ٢٠٢٠

### یەکەم: ئالینگارییەکان

توركیا یەکێکە لە بەکارهێنەرانی سەرەکی وزە لە جیهاندا. لە ساڵی ٢٠٢٢دا لە پلەی شانزەهەمدا بوو بۆ بەکارهێنانی وزەی سەرەتای لە ئاستی جیهانیدا، لە پێش ئابووری  دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی دیکەی  وەک ئیتاڵیا، ئیسپانیا و ئوستراليا. لە نێوان ساڵانی ٢٠٠١ بۆ ٢٠٢١، بەکارهێنانی وزەی گشتی توركیا زیاتر لە دوو هێندە زیادی کردووە، ئەمەش وایکردووە ببێتە وڵاتێک کە خێراترین خواستی وزەی لە ڕێکخراوی هاوکاری وگەشەپێدانی ئابووریدا گەشەسەندووە. ئەم ڕەوتە بەهۆی زیادبوونی بەرهەمی ناوخۆیی گشتی و ژمارەی دانیشتوانی توركیاوە بووە و پێشبینی دەکرێت بەردەوام بێت. (GÜNEY,2014:38) , لەسەر بنەمای ئەم پێویستیەی توركیا بە وزە بەگشتی و وزەی ئازەربایجان بەتایبەتی ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ دەبێتەوە، گرنگترینیان ئەمانەن:

**١-هەڕەشەکانی بەردەم ئاسایشی وزەی توركیا لە ئەنجامی گرژییە ناوچەییەکان:**

ناکۆکی نێوان ئەرمینیا و ئازەربایجان سەبارەت بە ناگۆرنۆ قەرەباخ بەردەوامە و مەترسییەکە ئەگەری لەسەر بۆری وزەی نێوان هەردوو وڵات دروست دەکات. هەرچەندە ململانێکان دوای ڕێککەوتنی ئاشتی لە ساڵی ٢٠٢٠دا تاڕادەیەک ئارامیی بەخۆیەوە بینی، بەڵام تا ئێستاش ناسەقامگیری ناوچەکە وەک ئالینگارییەکە بۆ ئاسایشی وزە. ململانێی ناگۆرنۆ و قەرەباخ لە ساڵی ٢٠٢٠ پەرەی سەند و بوو بە هەڵمەتی داگیرکردنەوەی ئازەربایجان، کە بە پێی ڕێککەوتنی ئاگربەستی ١٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٢٠، کۆنترۆڵی حەوت ناوچەی کردەوە کە لە ساڵی ١٩٩٤ەوە لە ژێر دەستی سوپای ئەرمەنستاندا بوون، هەروەها بەشێکە لە خودی ناوچەی ناگۆرنۆ-قەرەباخ. لەوانەیە ڕێککەوتنی ئاگربەست هەبوبێت، بەڵام ئاشتی نییە؛ ئیلهام عەلییف سەرۆکی ئازەربایجان ئیدیعای

هەموو ناگۆرنۆ قەرەباخ و بەشێکی زۆری ئەرمینیا دەکات بە یەریڤانی پایتەختیشەوە(Rubin,14March2022). ئەمەش ئاماژەیەکی مەترسیدارە چونکە ئەگەری هەڵگیرسانی شەر لەنێوان هەردوو لایەن هەمیشە ئەگەرێکی کراوەیە و بۆیە ئاسایشی گواستنەوەی وزەی ئازەربایجان دەخاتە مەترسی .

سەرەڕەای ئەمە، ڕکابەری ئێران و ئیسرائیل: ئێران زۆرێک لە کارتەکانی لە ناوچەی قەفقاز لەدەست دەدات، بەو پێیەی کاریگەری ئیسرائیل لە ئازەربایجان پەرەدەسێنێت، هەروەها پەیوەندییە بازرگانی و هەواڵگرییەکانی لە نزیک سنوورەکانی ئێران دەپارێزێت، ئەمەش شتێکە تاران لە دراوسێ قەفقازییەکەی قبوڵ نەکرد. ئێران ڕاوێژکاریی لەگەڵ هیندستان و ئەرمینیا ئەنجامدابوو بۆ پتەوکردنی پەیوەندییە ئابوورییەکان و کەناڵەکانی پەیوەندیی ناوچەیی، لە هەوڵێکدا بۆ گەڕاندنەوەی هاوسەنگی جیۆپۆلەتیکی، لە بەرانبەر هاوکاری سێ قۆڵی نێوان ئازەربایجان، تورکیا و پاکستان، دوای ئەوەی مانۆڕی سەربازی لە نێوان ئەم سێ وڵاتە لە ئەیلوولی ٢٠٢١ ئەنجامدرا ئەمە لەلایەک (محمدي،19يناير2024). لەلایەکی دیکەوە هاوتەریب لەگەڵ ئەم ململانیانە، هەڵگیرساندنی جەنگی ڕووسیا و ئۆکراین، لەلایەکەوە ئازەربایجان درێژە بەو سیاسەتە دەدات کە دەتوانرێت وەک ڕێبازێکی هاوسەنگ بۆ سیاسەتی دەرەوە وەسف بکرێت کە بریتیە لە پشتگیری کردنی ئۆکراین بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، لەلایەکی دیکەوە پشتیوانیی تەقلیدی ڕووسیا بۆ ئەرمینیا لە ململانێی پێشووی ئەرمەنستان و ئازەربایجان شێوەی و دابینکردنی سەربازی مۆسکۆ بۆ ئەرمینیا پێش و لە کاتی جەنگی قەرەباخی دووەمی ٢٠٢٠، هاودژیی بوون لە بەرژەوەندییەکانی نیوان باکو بەرانبەر مۆسکۆ( Huseynov,2March2022 ) بوونی ئەم جۆرە ململانیانە لەناوچەکە جۆرێک لە ناسەقامگیری هەرێمیی بەدوای خۆدادێنێت، مەترسی لە دابینکردن و هەناردەکردنی وزە دروستدەکات .

**٢-ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا:** ئەگەرچی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئالینگاری ڕاستەوخۆ دروست ناکات بەرانبەر هەناردەکردنی وزەی ئازەربایجان بۆ دەرەوە، بەڵام هەندێ ڕێکار کە گرتویتیەبەر کاریگەری ڕاستەوخۆ دروستدەکات لەسەر وزەی ئازەرببیجان، چونکە ئەمریکا هەوڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەدات هەناردەی غازی میسان LNG بۆ ئەوروپا زیاد بکات، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی خواست لەسەر گازی سروشتی ئازەربایجان کە لە ڕێگەی ڕێڕەوی غازی باشوورەوە هەنارده دەکرێت (وەک TANAP و TAP). بەشێوەیەک وەزارەتی وزەی ئەمەریکا ڕایگەیاند، هەناردەی غازی میسان LNGی ئەمریکی لە نیوەی یەکەمی ساڵی 2023 زیادی کردووە، دوای ئەوەی لە مانگی شوباتی 2023دا کۆمپانیای (فری بورت) گەڕایەوە سەر خزمەتگوزاری وەبەرهێنان لە بواری غازی سروشتی، و تا مانگی نیسان غاز میسان بەتەواوەتی تەواو بەرزبکاتەوە. چونکە ئەم غازە خواستێکی تاڕادەیەک زۆری لە سەرە لە لایەن یەکێتی ئەوروپا بە هۆی بەرزی نرخی غازی سروشتی نێودەوڵەتیدا ، هەروەها هاوشێوەی ساڵی 2022 لەساڵی 2023 تورکیا و یەکێتی ئەوروپا هاوردەکاری سەرەکی غازی میسانی ئەمەریکی بوون، کە لەسەدا ٦٦ % دەکاتە ( ٧.٨ ملیار پێ سێجا) ی هەناردەکردنی ئەمریکا پێکدەهێنێت، لە دوای ئەویش ئاسیا دێت بە ڕێژەی ٢٦% (٣.١ ملیار پێ سێجا) (القدسي،2ابريل2024).

بەپێی خەمڵاندنەکان ئەوروپا پێویستی بە 50 بۆ 75 ملیۆن تۆن دابینکردنی غازی شل بۆ ماوەیەکی درێژخایەن هەیە تەنها لە ئەمریکاوە،( Williams, Sgaravatti, agliapietra, Zachmann,10 October2020)، بۆیە بەهۆی ئەوەی واشنتۆنیش سوودی لە پێویستی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا بە غاز وەرگرت، دوای کەمبوونەوەی هاوردەکردنی غازی ڕوسیا لە دوای داخستنی بۆرییەکانی (یەمال )و (نۆرد ستریم١)، و بووە گەورەترین هەناردەکاری غازی شل لە ساڵی ٢٠٢٣ بۆ وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بێت لە قەرەبووکردنەوەی کەمبوونەوەی هاوردەکردنی ڕوسیا لە ساڵی 2022، وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا گرێبەستیان واژۆکرد بۆ کڕینی LNGی ئەمریکی بۆ ١٥ ساڵ(الشاغل، 11:2024). ، لەگەڵ ئەمەشدا کاتێک ئەمیری قەتەر ( تمیم بن حمد ئال الثانی) لە مانگی ئازاری ٢٠٢٢ سەردانی ئەمەریکای کرد، هەردووڵا ئاماژەی تایبەتیان بە ڕۆڵی وزە لە پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات کرد ، ئاماژە بە ڕۆڵ و گرنگی دەوڵەتی قەتەر لە دابینکردنی غاز دا بەشێوەیەک ڕێکەوتن کە غازی قەترە جێگای غازی ڕوسیا بگرێتە وە و پیداویستی یەکێتی ئەوڕوپا پربکاتەوە(الشكري، 22يناير2023).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3-روسیا:** ئازەربایجان تا ئەو جێگایەی کە دەتوانێت سیاسەتی دەرەوەی هاوسەنگ پەیڕەو بکات، لە لایەک ئاگاداری پێگەی جیاوازی ڕوسیایە لە چوارچێوەی ناوچەی قەفقاز و ئەو فشارانەی کە مۆسکۆ لەسەر وڵاتانی ناوچەکە دەیخاتە ڕوو، لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵدەدات پەیوەندییە ئابوورییە جیاوازەکان لەگەڵ ڕۆژئاوا پەرەپێبدات. بەڵام پشتبەستنی ئەوروپا بە مۆسکۆ بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی گازی سروشتی زۆر زیاترە لەوەی کە پەنا بۆ باکۆ ببات لە ساڵی ٢٠٢١ یەکێتی ئەوروپا ١٥٥ ملیار مەتر سێجا غازی سروشتی لە مۆسکۆوە هاوردە کردووە، و تەنها ٨.٢ ملیار مەتر سێجا غازی لە ئازەربایجانەوە هاوردە کردووە. دراوسێی باشووری ڕووسیا بەنیازە هەناردەکردنی بۆ ئەوروپا زیاد بکات، هەرچەندە پێشبینییەکان لە ساڵی ٢٠٢٢دا نۆ ملیار مەتر سێجا و لە ساڵی ٢٠٢٣دا ١١ ملیار مەتر سێجا بووە(Mikovic,11march2022).

دوای شەڕی دووەمی ناگۆرنۆ قەرەباخ لە ساڵی ٢٠٢٠، ڕووسیا کاریگەری خۆی لە قەفقاز بەهێزتر کرد لە ئەنجامی ڕێککەوتنی ئاگربەست کە لە نێوان سەرۆکوەزیرانی ئەرمینیا نیکۆڵ پاشینیان و سەرۆک کۆماری ئازەربایجان بە نێوەندگیری ڤلادیمێر پوتین سەرۆکی ڕووسیا واژۆ کرا، نزیکەی دوو هەزار سەربازی ئاشتیپارێزی ڕووسیا لە ناگۆرنۆقەرەباخ جێگیرکراون. جگە لەوەش، ڕووسیا بووەتە هاوپەیمانێکی دیفاکتۆی هەردوو ئەرمینیا و ئازەربایجان، بەڵام بەهۆی بوونی سەربازی روسیا لە ناوچەکە، بە ئاسانی دەتوانێت ڕووداوەکانی بە جۆرێک بووژێنێت کە ئەگەر بە باشی هەڵسەنگاندنیان بۆ نەکرێت و مامەڵەیان لەگەڵ نەکرێت، دەتوانێت بە خێرایی بتەقێتەوە و ببێتە توندوتیژییەکی بەرفراوان(Sammut,10march 2022). لەبەرانبەردا تورکیا دووەم گەورەترین سوپای ناتۆ وەک بەشێک لە ستراتیجیەت لە ناوچەکەدا ئامادەیی هەیە، ئەم دووئاراستە جیاوازە وایکردوە کە هەمیشە ئەگەری هەڕەشە بوونی هەبێت، بەهۆی بەرژەوەندییەکانی نێوانیان(ماهر، 23یونیو2021).

**4-ئێران:** لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئازەربایجان کار بۆ ئاوەدانکردنەوەی سوپاکەی کردووە، بە هاوکاری تورکیا کە ئازەربایجان بە وڵاتێکی تورک زمان دەزانێت؛ ئەمەش وایکرد کە بە شێوەیەکی کارا وەڵامی هەرەشە سەربازییە پچڕپچڕەکانی ئەرمەنستان بداتەوە. جگە لەو پاڵپشتییە سیاسییەی

تورکیا بۆ پێگەی ئازەربایجان ڕایگەیاند، پێکدادانەکانی نێوان هەردوولا سەروەرییەکی بەرجەستەی بۆ لایەنی ئازەربایجان ئاشکرا کرد، کە هاوکارییە سەربازییەکانی تورکیا بەشدارییان تێدا کرد. لە 14ی حوزەیرانی 2023 لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە یاوەری بوون لە گەشتەکەیدا لە سەردانەکەی بۆ ئازەربایجان، ئەردۆغان ڕەخنەی لە ئێران گرت وتی: ئێران بەربەستی سەرەکییە لە بەردەم کردنەوەی ڕێڕەوی زەنگزور. لە سەرەتای مانگی ئەیلول دا کاتێک بەرپرسانی ئازەربایجان پشتڕاستیان کردەوە هێڵی شەمەندەفەری زەنگزور لە ساڵی ٢٠٢٤دا ئامادە دەبێت، لە ئاماژەیەکی ورد بۆ بەکارهێنانی هێز، میدیاکانی ئێران هەواڵێکیان بڵاوکردەوە کە باس لە کۆکردنەوەی هێزەکانی سوپای پاسداران دەکات لەسەر سنوورەکانی ئازەربایجان و ئەرمینیا و ئامادەیی ئێران بۆ دەستوەردان ڕێگریکردن،  بەڵام ئازەربایجان ڕێڕەوی زەنگزووری بە زەبری هێز کردەوە؟ دوای یەکەمین دیداری هاکان فیدان وەزیری دەرەوەی تورکیا لەگەڵ هاوتا ئێرانییەکەی حوسێن ئەمیر عەبدوڵڵاهیان لە تاران، میدیاکانی ڕووسیا بڵاویان کردەوە کە فیدان هۆشداریی بە عەبدوڵڵاهیان داوە کە هەر دەستێوەردانێکی سەربازی لە ململانێی ئازەربایجان و ئەرمەنستان پێویستی بە دەستێوەردانی هاوتای سوپای تورکیا دەبێت(مركز الجزيرة للدراسات،18سيبتمبر2023)، ئەردۆغان بە دەست لێدان لە ڕێڕەوی  زەنگزور کە تورکیا و ئازەربایجان و جیهانی فراوانی تورکیا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئاماژەی بەوەدا کە جێبەجێکردنی ئەو ڕێڕەوە تەنیا سنووردار نەبووە بە بەرپەرچدانەوەی ئەو ئاستەنگانەی کە ڕەنگە ئەرمەنستان دروستی بکەن، بەڵکو ئاماژەی بەوەدا، "ئەوە پەیوەندی بە ئێرانەوە هەیە. هەڵوێستی ئێران ئێمە و ئازەربایجانی دڵتەنگ کردووە. ئێران دەبێ نیگەران بێت. هیوادارین هەڵوێستێکی ئەرێنییان هەبێت لەسەر ئەم بابەتە بۆ ئەوەی بتوانین تورکیا و ئازەربایجان و ئێران یەکبخەین و تەنانەت ڕەنگە ڕێگایەک دەستپێبکەین کە لە پەکینەوە تا لەندەن درێژ دەبێتەوە" (Daily Sabah, 14Jun 2023).

## دووەم: دەرفەتەکان

هاوتەریب لەگەڵ ئەو ئامانجانەی کە پێشووتر باسمان کرد، هەروەها ئەو ئاستەنگانەی کە دێنە بەردەم ستراتیجیەتی ئاسایشی وزەی تورکیا، پالپشت بە ئامانج و بە لەبەرچاوگرتنی ئالینگارییەکان چەندین دەرفەت بۆ تورکیا دەرەخسێت ، بۆ گرنگترین دەرفەتەکان بریتین لە:

**١-پەرەپێدان و پتەوکردنی ژێرخانی وزە:** بەسود وەرگرتن لەو پێگە جوگرافیایەی کە هەیەتی،و ئەو ستراتیجیەتەی کەپەیڕەوی دەکات سەبارەت بە ئاسایشی وزە، بەهۆی ئەوەی رەتی ئەوەی کردەوە لە پرکردنەوەی پێداویستتیە وزەی نێوخۆی پشت بە ئێران ببەستێت، لەبەرانبەردا لە چوارچێوەی (اللعبة الکبری التالیة) ئەنجوومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکان ئەمەریکا لە ناوچەکە دا رۆڵێکی سەرەکیان بەتورکیا دا، ئەمە دەرگای بەرووی تورکیا کردەوە ببیتە ترانزێتی گوازتنەوەی وزە بۆ ئەوروپا، بەپشت بەستن بەم پێشنیارانە رێکەوتنامەی ئۆکتۆبەری ٢٠١١ واژووکرد لەگەڵ ئازەربایجان، بۆئەوەی غاز لە رێگەی تورکیاوە هەناردەی ئەوروپا بکات، بەمەش تورکیا پابەنددەبێت بەدابینکردنی ئاسایشی وزەی تورکیا و خۆی، ئەم هێڵەی ناوبرد بە (TANAP) (Trans-Anatolian pipeline)( فایسباخ، واکیم، 91:2014)، تورکیا ڕەزامەندی دەربڕی کە ئازەربایجان ببێتە دابینکەری سەرەکی غازی وڵاتەکەی و جێگەی ڕووسیا بگرێتەوە. ئەم هەنگاوە کاردانەوەی گەورەی جیۆپۆلیتیکی لەسەر تەواوی قەفقازی باشوور و دەریای ڕەش و باشووری ڕۆژئاوای ئەوروپا دروستکرد. ڕەنگە ئەوە بەرێکەوت نەبێت کە ئازەربایجان تەنها پێنج مانگ پێش دەستپێکردنی شەڕی ئازەربایجان و ئەرمەنستان بوو بە تاکە وڵاتی دابینکەری غاز بۆ تورکیا(Kuzio,18november2020).

بەپەیڕەوکردنی ئەو ئاڕاستەیەی کە تورکیا هەوڵی چەسپاندنی پێگەی خۆی وەک ناوەندێکی گەورەی وزە لە ناوچەکەدا دەدات، و ئەم ئاواتانەش بە شێوەیەکی بەرچاو لە بۆنەیەکی گەورەی وزەدا دەرکەوت کە لە تشرینی دووەمی ٢٠٢٤ لە ئەستەنبوڵ بەڕێوەچوو، بەرپرسانی تورکیا میوانداری وەزیرانی وڵاتانی گەورەی بەرهەمهێنەری غازیان کرد وەک ئازەربایجان، لیبیا و ئۆزبەکستان، هەروەها نوێنەرانی وڵاتانی ترانزێتی وەک جۆرجیا، و هاوردەکارانی وڵاتانی ئەوروپای

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ڕۆژهەڵات. دیدگای تورکیا ئەوەیە ببێتە ترانزێتێکی سەرەکی کە بەرهەمهێنەرانی غاز لە ڕۆژهەڵات و باشوور بە بازاڕەکانی ڕۆژئاواوە ببەستێتەوە. ژێرخانی وزەی ئێستای وڵاتەکە بناغەیەکی تۆکمە بۆ ئەم ئاواتانە دابین دەکات، لەگەڵ هێڵی بۆری غازی سروشتی ترانز ئەنادۆڵ کە بەشێکە لە ڕێڕەوی غازی باشوور بۆ گواستنەوەی غازی ئازەربایجان بۆ ئەوروپا، ئەمەش توانای تورکیا دەسەلمێنێت کە وڵاتێکی گەورەی ترانزێت بێت. هەروەها تورکیا ژێرخانی گەشەسەندنی باشی هەیە کە بریتین لە حەوت بۆری غاز، پێنج تێرمیناڵی LNG، سێ یەکەی هەڵگرتن، و دوو دامەزراوەی عەمبارکردنی ژێرزەوی، هەروەها توانای زیادەی هاوردەکردنی بەرچاوی هەیە کە دەتوانرێت بۆ بەرزکردنەوەی بازرگانی لەو کەرتەدا بەکاربهێنرێت(سلطان، دسیمبر2024). هاوتای ئە ستراتیجیەتە، تورکیا ستراتیجیەتی نوێ پەیرەودەکات ئەویش بریتیە لە و گازە سروشتییەی کە بەرهەمی دەهێنێت و ئەوەی لە ڕێگەی بۆرییەوە بەدەستی دەهێنێت، لە ژێر ناوی "تێکەڵەی تورکی" هەناردە دەکات. وەزیری وزە و سامانە سروشتییەکان، ئەلپ ارسلان بایراکتار لە چاوپێکەوتنێکدا ڕێبازی تورکیا بۆ بازرگانی غاز ڕوونکردەوە و وتی: غاز تەنها یەک ماڵی نییە دەتوانرێت بکڕدرێت و دواتر لەلایەن چەند وڵاتێکەوە بفرۆشرێت(البيك،8فبراير2020)

**2-وەبەرهێنانی هاوبەش:** تورکیا و ئازەربایجان لە ڕێگەی وەبەرهێنانی هاوبەش لە کەرتی وزەدا، هاوکارییەکانیان بەهێزتر دەکەن. کۆمپانیاکانی تورکیا و ئازەری خەریکی پەرەپێدانی پرۆژەی هاوبەشن لە دەرهێنان و بەرهەمهێنان و گواستنەوەی نەوت و گاز، لەم بارەیەوە لە کاتی کردنەوەی پێشانگای نێودەوڵەتی بۆغازی سروشتی لە دەریای قەزوین کە لە باکوی پایتەختی ئازەربایجان ئەنجام درا، ئەردۆغان ئاماژەی بەوەدا ئێمە لەگەڵ ئازەربایجان هەموو کاریک دەکەین بەمەبەستی پەرەپێدان لەبواری وەبەرهێنانی وزە، هەروەها ئازەربایجان لەلایەن خۆیانەوە ئاماژەیان بەوەکرد کە "تەنها پرسی کاتییە بۆ گواستنەوەی ئەو غازەی لە تورکمانستان بەرهەم دەهێنرێت بۆ تورکیا و ئەوروپا لەڕێگەی هەوڵە هاوبەشەکانمانەوە و زیادکردنی توانای بۆری تاناپ. بێ گومان سەرکەوتنێکی دیکەی هاوبەشی تورکیا و ئازەربایجان دەبێت" ( Kuzio,18november2020).

لەگەڵ ئەمەشدا، ڕێڕەوی سەوزی وزەی نێوان ئازەربایجان و تورکیا ڕێکەوتوون لەسەر جێبەجێکردنی، ئەگەر جێبەجێ بکرێت بێگومان ئەم پرۆژە هاوبەشە نوێنەرایەتی قۆناغێکی نوێ دەکات لە بواری هاوکاری نێوان هەردوو وڵاتی دراوسێ، هەروەها هەنگاوێکە پاڵپشتی سەقامگیری دابینکردنی وزە دەکات لە ناوچەکە و کیشوەری ئەوروپا، بەتایبەتی لە ڕووناکیدا. لەم بارەیەوە، پەرویز شەهبازۆڤ، وەزیری وزەی ئازەربایجان لە ئەیلولی 2024 پەراوێزی کۆنفرانسی وزەی با لە هامبۆرگ ڕایگەیاند، لە ئێستادا دیراسە لەسەر ئیمکانیاتی دامەزراندنی ڕێڕەوی وزەی سەوز لە نێوان ئازەربایجان و تورکیا دەکرێت، ئاماژەی بەوەشکرد، وڵاتەکەی لە کۆتاییدا ئارەزووی ئەوە دەکات، لە ڕێگەی ئەم پرۆژەیە، ڕێڕەوێک دابمەزرێنێت کە لە دەریای خەزەرەوە تا تورکیا درێژببێتەوە، ئاماژەی بەوەشکرد، باکو بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە چاوەڕێی ئەوە دەکات هایدرۆجینی سەوز بخاتە ناو ئەم پرۆژەیە، وزەی با و خۆر جێگەی سەرنجی سەرەکی ڕێڕەوی وزەی سەوزە. (عفيفي، 14نوفمبر2024)، لە بەرانبەر الپ ئارسلان بایراکتار، وەزیری وزەی تورکیا لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/١١/١٩ ڕایگەیاند، وڵاتەکەی لەگەڵ ئازەربایجان ڕێککەوتووە کە گازی سروشتی لە تورکمانستانەوە بۆ تورکیا لە ڕێگەی ئازەربایجان و جۆرجیا دابین بکرێت. هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد، هەردوو لا ڕێکەوتن لەسەر دابینکردنی پێداویستیە وزەییەکان تا ساڵی 2030، پێشبینی ئەوەش دەکرێت بڕێکی زیاتر لە غازی سروشتی لەدەریای خەزەرەوە(قەزوین) لە ئازەربایجانەوە بگاتە تورکیا، لەگەڵ ئەوەی بڕێک غاز لە ڕێگەی تورکیاوە ئاراستەی ئەوروپا بکرێت. هەروەها گوتیشی: "گەیشتووین بە ڕێککەوتن بۆ گواستنەوەی غازی سروشتی لە تورکمانستانەوە بۆ تورکیا لە ڕێگەی ئازەربایجان و جۆرجیا"( سی ان بی سی عربية،14مايو2024). ئەم هەنگاوە زۆر گرنگە بۆ تورکیا بە شێوەیەک دەبێتە پاراستن و دابینکردنی ئاسایشی وزەی تورکیا، دەرفەتی وەبەرهێنانی هاوبەش دەرەخسێنێت.

**٣- گەشەسەندنی ئابووری و بازرگانی:** فاکتەری ئابووری لە پێشەنگی دیاریکەرەکاندایە کە هەوڵەکانی تورکیا بەڕێوەدەبەن بۆ بەرزکردنەوەی هاریکاری لەگەڵ وڵاتانی ئەندامی ڕێکخراوی دەوڵەتانی تورکیا، بەتایبەتی لەبەر ڕۆشنایی ئەو قەیرانە قووڵانەی کە ئابووری نیشتمانی تورکیا لەم چەند ساڵەی دواییدا بەدەستیەوە دەناڵێنێت، ئەم وڵاتانە کە لە قەفقاز دان نوێنەرایەتی بازارێکی

پاشەکەوتکردن دەکەن بۆ تورکیا، کە زیاتر لە ٣٠٠ ملیۆن کەس دەبن، و قەبارەی بازرگانی نێوان ئەم وڵاتانە نزیکەی ٧ ملیار دۆلارە؛ بۆیە ئەنقەرە ئامانجی ئەوەیە قەبارەی وەبەرهێنان و مامەڵە بازرگانییەکانی لەگەڵ وڵاتانی ئەندامی رێکخراوەکە زیاد بکات(قنديل،13نوفمبر2023). بەگویرەی ئاژانسی هەواڵی ئازەربایجان ،کاتێک شاهین مستەفاییڤ وەزیری ئابووری و پیشەسازی ئازەربایجان لەگەڵ نیهات زەیبەکچی وەزیری ئابووری تورکیا و شاندی یاوەری کۆبووەوە.لە کۆبوونەوەکەدا باس لەوە کرا کە لە ئێستادا زیاتر لە دوو هەزار و ٦٠٠ کۆمپانیای تورکی لە ئازەربایجان کاردەکەن، لە کاتێکدا ژمارەی کۆمپانیا ئازەربایجانییەکان لە تورکیا نزیکەی هەزار و ٦٠٠ کۆمپانیایە. وەبەرهێنانی ئازەربایجان بە بەهای پێنج ملیار دۆلار لە تورکیا وەبەرهێنراوە. تورکیا 6.3 ملیار دۆلاری لە ئازەربایجان وەبەرهێناوە(لوكالة الانباء الحكومة الاذربايیجانية)

لەگەڵ ئەمەشدا، زیاتر پەرەپێدانەگە گەیشتیتە قۆناغی هێلی ئاسنیین، بەجۆرێک لە رێگەی باکۆی پایتەختی ئازەربایجانەوە، هێڵی ئاسنین تێدەپەڕێت، کە نوێنەرایەتی تاکە ڕێڕەوی گواستنەوەی وشکانی دەکات لە نێوان رۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ئەم ڕێگایە پێی دەوترێت ڕێڕەوی ناوەڕاست، ڕێگە بە ناردنی کاڵای چینی و ئاسیای ناوەڕاست دەدات بۆ ئەوروپا ، تا ئەو ڕادەیەی و دوای شەڕی ڕووسیا و ئۆکراین. کەمبوونەوەی کاڵای خۆراک و بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکان بەتایبەت لە ئەوروپا ئەم ڕێڕەوە ڕۆڵێگی زۆر گرنگی بینی لە بازرگانی جیهانیدا. سودی تورکیا لەم پرۆژەیە بەم شێوەیە دەبێت(الأسباب ،مارس 2023)

1-تورکیا قەبارەی وەبەرهێنانەکانی لە ژێرخانی بەندەرەکاندا زیادکرد لەوانە

-پەرەپێدانی بەندەری مێرسین بە تێچووی 3.8 ملیار دۆلار

-پەرەپێدانی بەندەری ڤێلیۆس بە تێچووی ٨٧٠ ملیۆن دۆلار

-پەرەپێدانی بەندەری ئیزمیر بە تێچووی 1.2 ملیار دۆلار

-لە ساڵی ٢٠١٥ کۆمەڵەیەکی بازرگانی چینی نزیکەی دوو لەسەر سێی پشکەکانی بەندەری کۆمپۆرتی تورکیای بە بڕی یەک ملیار دۆلار کڕی،

٢-گرنگی تورکیا لە لایەنی ئەوروپاوە زیاتر بووە بەهۆی ڕێڕەوی غازی باشوورەوە، کە ئەو بۆرییە بە خاکی تورکیادا تێدەپەڕێت و ئازەربایجان بە ئیتاڵیا دەبەستێتەوە، بە جۆرجیا و یۆنان و ئەلبانیادا تێدەپەڕێت.

هەروەها لە یۆنیوی 2024، جێگری سەرۆک کۆماری تورکیا دەستپێکردنی سندوقێکی وەبەرهێنانی هاوبەشی ڕاگەیاند، ئامانجی پەرەپێدانی گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی هاریکاری ئابووری نێوان وڵاتانی تورک زمانە بە سەرمایەی سەرەتایی نیو ملیار دۆلار. ڕێککەوتنی دامەزراندنی سندوقی وەبەرهێنانی تورکیا لە پەراوێزی لوتکەی نائاسایی ڕێکخراوی دەوڵەتانی تورکیا لە مانگی ئازاری ڕابردوو لە ئەنقەرە واژۆ کرا. دامەزراندنی ئەم سندوقە کە بارەگا سەرەکییەکەی لە ئەستەنبول سودی لە دامەزراوەکانی وەک بانکی ئەوروپی بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان و بانکی گەشەپێدانی ئاسیا وەرگرتووە (موقع رسمي العالمية لوساطة المالية،). لەم دیدگایەوە تورکیا بەپشتبەستن بە پەیوەندییە بەهێزەکانی لەگەڵ ئازەربایجان توانیویەتی ڕیگا کراوەبکات و پەرە بە بواری ئابووری خۆی بدات و هەژموونی سیاسی و ئابووری خۆی لەناوچەکە بەهیزبکات بەتایبەت بەرانبەر دەوڵەتانی قەفقاز.

## دەرئەنجامەکان

1-تورکیا و ئازەربایجان لەچوارچێوەی ئاسایشی وزە هەوڵی سودمەندبوون و بەدەست هێنانی بەرژەوەندییەکانیان دەدەن، بەپشت بەستن بەو پێگە جێۆپۆلیتیکی و جوگرافییەی کەهەیەتی، بەشێوەیەک ئازەربایجان دەروازەی گەیشتنە بە ناوچەی ئاسیای ناوەراست و قەفقاز و پێدانی پێگەیەکی گرنگ کە دەبێتە جێگای مشتوری نێودەوڵەتی، لەهەمان کاتدا تورکیا بۆ ئازەربایجان دەرچەیەکی دەریایی گرنگە بۆ هەناردەکردنی بەرهەمە زیندووەکانی وەک وەزە بۆ ئەوروپا.

2-هاوکاری نێوان تورکیا و ئازەربایجان ڕەنگدانەوەی هەوڵەکانە بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی ستراتیجی وزە لە ناوچەکەدا، تورکیا دەبێتە خاڵێکی گەورەی ترانزێتی وزە بۆ ئەوروپا، هاوکات ئازەربایجان پێگەی خۆی وەک هەناردەکارێکی سەرەکی وزە بەهێزتر دەکات.

3- گرنگیدان بە فراوانکردنی پرۆژە هاوبەشییەکانی نێوانیان لە دوای ساڵی ٢٠٢٠ بەتایەبەت پرۆژەکانی بواری وزە لە پێناو دەستەبەرکردنی سەرچاوەی وزەی متمانەپێکراو بۆ هەردوو وڵات، و گەیشتن بە قۆناغی سەربەخۆییبون لە هەژموونی زلهێزە دەرەکییەکان.

4- ئامانجی لەپێشینە تورکیا لە پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئازەربایجان لە بواری وزە بریتیە لە کەمکردنەوەی پشتبەستن بە سەرچاوەی وزەی دەوڵەتانی زلهێزی هەرێمی و نێودەوڵەتی وەک ئێران و ڕوسیا.

5- چەندین ئالینگاریی ڕووبەڕووی هاوکاری نێوانیان دەبێتەوە، سەرەکیترینیان بریتیە لە فشارە نێودەوڵەتییەکان و کێبڕکێی ناوچەیی، ئەمەش بێگومان لە بەرانبەر ئەو دەرفەتانەی کە سەقامگیری ڕێژەیی لە پەیوەندییە دوولایەنەکاندا دەڕەخسێنێت.

6- ئاسۆی ستراتیجیەتی تورکیا لە بواری وزە ڕوونە، بەپشتبەستن بە پیگە جیۆستراتیجیەکەی، بەشێوەیەک لەگەڵ ئەوەی وزەی ناوخۆ تواناى پرکردنەوەی پێداویستیەکانی وزەی نییە، بەڵام ئەم پێگەیەی دەرفەتێکی گرنگ دەبەخشێت بۆ ئەوەی پردێکی سەرەکی و گرنگ بێت و وێستگەیەکی کارابێت لە گواستنەوەی وزە لە ناوچەکە بۆ ئەوروپا.

## سەرچاوەکان

سەرچاوە عەرەبییەکان

**الكتب**

1. عمران عمر على، العلاقات الدولية : دراسة في النظريات الأساسية والتقدية ، مطبعة خانى، دهوك،2019.
2. فايسباخ. موريال ميراك - ، واكيم. جمال(2014) ، السياسة الخارجية التركية تجاه القوى العظمى والبلاد العربية منذ العام 2002، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**الابحاث**

1. 3-الشاغل. حسن(2024) ، تركيا بديلاً عن أوكرانيا لنقل الغاز الروسي الفرص والمعوّقات، بحث منشور فى مركز الابعاد للدراسات الاستراتيجيه، نوفمبر، .
2. جاسم. افراح ناثر(2020) ، العلاقات التركية- الأذربيجانية 2007 – 2017، بحث المنشور في مجلة لارك للفلسفة ولسانيات والعلوم الاجتماعية، المجلد(3)، العدد(38)، السنة.،
3. سنوار. امانى(2022) ، منطلقات الاندفاعيه التركيه نحو اسرائيل: ملف الطاقه يتصدر القائمة، بحث منشور فى الجزيرة للدراسات، ١٣نيسان /ابريل.
4. - سلمي. جلال(2022) ، تركيا والتحول لمركز توزيع طاقة :الواقع والافاق،بحث منشور في مركز التموسط للدراسات والاستراتيجية، 12يناير، متاح على الرابط التالي: https://shorturl.at/rE870
5. حمزه. د.بلعور ، مهدى. د.نبراس خچيرجدعان(2022) ، الامن الطاقوى فى العلاقات الدوليه: دراسه فى المفهوم والمقاربات النظريه، بحث مقدم لمؤتمر الدولى العلمى الافتراظي بعنوان(إشكالية الامن الطاقوى في العلاقات الاقتصادية الدولية بين طاقة المحروقات والطاقة البديلة)، منشور من قبل المركز الديمقراطي العربي للدراسات الاستراتيجية والاقتصادية والسياسية.
6. حوليا كينيك، سينم جليك، دور المسيرات التركية في الفعالية العسكرية لأذربيجان، مجلة رؤية تركية، السنة11، العدد1، 2022
7. سنوار. امانى(2022) ، منطلقات الاندفاعيه التركيه نحو اسرائيل: ملف الطاقه يتصدر القائمة، بحث منشور فى الجزيرة للدراسات، ١٣نيسان /ابريل.
8. سلمي. جلال(2022) ، تركيا والتحول لمركز توزيع طاقة :الواقع والافاق،بحث منشور في مركز التموسط للدراسات والاستراتيجية، 12يناير، متاح على الرابط التالي: https://shorturl.at/aDcUr
9. عاشور. سليم(2020) ، الأمن الطاقوي:مقاربة مفاهيمية ونظرية وتطبيقية، مجلة افاق للعلوم، المجلد8، العدد3.
10. قنديل. غدى(2020) ، قوة إقليمية جديدة في آسيا الوسطى منظمة الدول التركية، بحث منشور في موقع المركز الدراسات العربية الاوراسية، 13نوفمبر، متاح على الربط: https://shorturl.at/48clU

11. عبدالمجيد، اسرا أحمد(2021) ، أزمة الثقة: لماذا يعاني الاقتصاد التركي من عدلات تضخم المرتفعة، بحث منشور في موقع المشتقبل للأبحاث والدراسات المتقدة، 30سبتمبر2021، متاح على الربط: https://futureuae.com/ar-AE/Mainpage/Item/6696
12. كردى. محمد دحام(2020) ، مستقبل الرؤية التركية لأمن الطاقة، مجلة جاعة الانبار للعلوم القانونيةوالسياسية، المجلد العاشر، العددالاول.
13. كينيك. حوليا ، جليك. سينم(2022) ، دور المسيرات التركية في الفعالية العسكرية لأذربيجان، رؤية تركية، مجلد 11، عدد1، 25 فبراير .
14. - محمد. دعاء حسين حسين(2023) ، الموقف التركي من نزاع ناغورني كاراباخ: الدوافع، المسارات، خريطة الأطراف الإقليمية المتنافسة، بحث منشور في مركز الحضارة للدراسات والبحوث، 22اغسطس، متاح على الرابط: https://shorturl.at/Vh88h
15. مركز الجزيرة للدراسات(2023)، اذربايجان وأرمينيا: تراجع الحل التفاوضي وتوالي نذر الحرب، تقدير موقف، 18سيبتمبر .
16.

**مواقع الالكترونية**

16- ابوبكر ،علاء (2024)، تطورات الصراع بين إيران وإسرائيل: احتمالات توسع الحرب.. وموقف الدول العربية منها، بحث نشور في مركز رؤيا للبحوث والدراسات، 5اكتوبر، تاريخ الزيارة 2024/12/13، متاح على الربط: https://ruyaa.cc/Page/126518
17- التركي، ياسر (2018)، كيف يساهم مشروع "تاناب"في وضع تركياضمن اكبر عشرة اقتصادات في العالم، مقال منشور في موقع ترك برس، تاريخ النشر 13يونيو، تاريخ الزيارة2024/12/5، متاح على الربط: https://www.turkpress.co/node/50195
18- القدسي، هبة(2024) ، الولايات المتحدة تصبح أكبر مصدر للغاز الطبيعي المسال في العالم متجاوزة أستراليا وقطر، الشرق الأوسط، تاريخ النشر 2ابريل، تاريخ الزيارة 2024/12/20، متاح على الربط: https://shorturl.at/uBzJi
19-- السعداوي. أسماء(2023) ، الطاقة المتجددة في اذربايجان .. أفاق واعدة لتامين احتياجات أوروبا ، تقرير، تاريخ النشر 31يوليو، تاري اليارة 2024/2/17، تاح على الرابط : https://shorturl.at/Lh7LY

20- الخزرجي، د. حمد جاسم محمد(2020) ، الصراع بين اذربيجان وارمينيا وتأثيره على دور تركيا الإقليمي، مقال منشور في مركز الدراسات الاستراتيجية، تاريخ النشر 6 تشرين الأول2020، تاريخ الزيارة 2024/12/11، متاح على الربط: https://shorturl.at/DqHB5

21-- المركز الأوروبي لدراسات مكافحة الإرهاب والاستخبارات(2023)، أرمينيا وأذربيجان، مستقبل الصراع وتداعياته على الأمن الدولي ، ١٣سيبتمبر، متاح على الربط: https://shorturl.at/336Ti

22- رحيموف، اميل(2024) ، الدبلومسية لأذربايجانية في عيدها المئوي، المجلس المصرى للشؤن الخارجية، تاريخ النشر 14ديسمبر، تاريخ الزيارة 2025/1/11، متاح على الربط:
https://shorturl.at/Ofh5L

23-جمال. إسماعيل( 2020)، هذه مكاسب تركيا الإستراتيجية من وصولها لاسيا الوسطى عبر ممرناتشيفان بعد انتصار قرةباغ، مقال نشور في موقع القدس، تاريخ النشر 3ديسبر ، تاريخ الزيارة 2024/11/20، تاح على الربابط:https://shorturl.at/DzOMx

24- سعيد ، هدية طلعت(2024) ، شروع ممر:TUTIT : محفزات ومعوقات تنفيذ ممر جديد لربط آسيا وأوروبا، تاريخ النشر 22فبراير، تاريخ الزيارة 2024/12/17، متاح على الربط:
https://shorturl.at/KMFZi

25- سلطان، د. أحمد(2024) ، توقعات مستقبلية: الدور التركي في إعمار سوريا وإحياء مشروع خطوط أنابيب الغاز، بحث منشور في موقع المركز المصري للفكر والدراسات الاستراتيجية، ديسمبر، متاح على الرابط:
https://ecss.com.eg/51214/

26- شوكرى ،أمود ، قدري ،ت: دينا قدري(2023)، الطاقة الشمسية بوابةاذربيجان لتامين الكهرباء النظيفة لإوروبا، مقال منشور في موقع الطاقة، تاريخ النشر2اكتوبر، تاريخ الزيارة 2024/3/20، متاح على الرابط:
https://shorturl.at/yp6wo.

27-- عبد الحسن ، د. محمد عزيز(2017) ، مد خط أنابيب النفط "باكو-تبيليسي-جيهان" وخط أنابيب الغاز نابوكو" إلى غرب أوروبا: هل يمثل إعادة لهندسة، مقال منشور في موقع ترك برس، تاريخ النشر 23/أكتوبر، تاريخ الزيارة 2024/12/2، متاح على الرابط: https://www.turkpress.co/node/37289

28- عفيفى، يوسف (2024) ممر الطاقة الخضراء بين أذربيجان وتركيا يعزز استقرار الإمدادات.. هل يرى النور؟، مقال نشور فى موقع الطاقة، تاريخ النشر27/سيبتمبر، تاريخ الزيارة، 2024/11/14، متاح على الرابط:
https://shorturl.at/qrYQN

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(١٠) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٥
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

29- عودة،ضياء (2023)، استراتيجي لتركيا وتهديد لإيران".. ما قصة ممر "زنغزور"؟، مقال منشور في موقع الحرة، تاريخ النشر 3اكتوبر، تاريخ الزيارة2024/12/10، متاح على الرابط: https://shorturl.at/rY6kk
علام, صالحة(2023)، إعلان شوشة وتطورات الحرب الروسية الأوكرانية.. هنا تقف تركيا، مقال منشور في الجزيرة نت، تاريخ النشر 25مارس، تاريخ الزيارة2024/11/23، متاح على الرابط:
https://shorturl.at/ahrA5
30 - ماهر، مارى(2021) ، إعلان شوشة، إعادة رسم خريطة النفوذ الجيوسياسى التركي جنوب القوقاز، مقال منشور في موقع المرصدالمصري بتاريخ 23يونيو، تاريخ الزيارة2024/4/112، متاح على الرابط:
https://marsad.ecss.com.eg/57968
32-. نصر، جهاد(2024) ، ما موقع "زنغزور" في الصراع الجيوسياسي بجنوب القوقاز؟، مقال منشور في موقع مركز للدراسات الاستراتيجية، تاريخ النشر 15/سيبتمبر، تاريخ الزيارة 2025/1/16، متاح على الرابط:
https://rcssegypt.com/18788

## سەرچاوە ئینگلیزییەکان

**Books**

1-Axelrod, Robert(1984), The Evolution of Cooperation, Basic Books Inc pubisher,New York .
Avdaliani, Emil(2022), New World Order and Small Regions: The Case of South Caucasus, (Singapore, Palgrave Macmillan
2- Cornell, E., Tsereteli Mamuka, Socor Vladimir(2005), Geostrategic Implications of the Baku-Tbilisi-Ceyhan Pipeline, In (The BakU-Tbilisi-Ceyhan Pipeline; Oil Window to the West, Edited by S. Frederick Starr and Svante E. Cornell, Central Asia-Caucasus Institute & Silk Road Studies Program.
3- Dufey, Annie(2009), Project finance, sustainable development and human rights. Case study 1: the Baku Tbilisi-Ceyhan (BTC) pipeline, International Institute for Environment and Development (IIED), April 2009.
4-Starr, S.Frederick & Cornell Svante E(2005), The Baku-Tilisi -Cyhan Pipeline: oil Window to the West, Cenral Asia -Caucasus Institute Silk Road Studies Program, published in Sweden.
5-Siccardi, Feancesco(2024), Understanding the Energy Drivers of Tueke’s foreign policy, Carnegie Endowment for International Peace, 28February.
6-Yergin ,Daniel(2006), Ensuring Energy Security, Foreign affairs, Vol. 85. N°2, Mars, April, 2006.
7-Yin, Robert K(2003) Case study research design and methods, third edition, SAGE edition, London.

**Articles :**

1-Atiyas,Izak. Cetin tamer. Gülen.Gürcan(2012), Reforming Turkish energy markets,springer publisher, Istanbul.

2- Göral, Emirhan(2023), The impact of energy security on Turkish foreign policy, EUL Journal of Social Sciences, Vo.14, No.1, June.

3- Güney, Nurşin Ateşoǵlu(2015), Turkey's Energy Security Strategy in the Emergent Global Energy Outlook, Insight Turkey, Vol. 17 و No. 2 .

4- McWilliams, Ben (2023), Giovanni Sgaravatti, Simone Tagliapietra, Georg Zachmann, The European Union is ready for the 2023-24 winter gas season ،buregel, 10/10/.availibale at: https://www.bruegel.org/analysis/european-union-ready,2023-24-winter-gas-season

5-Novikau, Aliaksandr , Muhasilović Jahja(2023) ,Turkey's quest to become a regional energy hub: Challenges and opportunities, journal Heliyon, Volume 9, Issue 11 November .

6- Rebière, Noémie, Ramdani Sami, Baccarini Luca(2024), "Guerre russo-ukrainienne: la région de la mer Noire au cœur de la reconfiguration des flux énergétiques",Report. OSFME, 22Avril

**Website**:

1.Benashvili, Giorgi(2016) , Economic development OF Tthe South Caucasus East-West Crossroad The West East Institute, available at: https://shorturl.at/1U0jV

2.Huseynov, Asif(2022), "The Countries of the South Caucasus Cautiously Follow the Russia-Ukraine War", The Caspian Post ,2 March, available at:

3.https://jamestown.org/program/the-countries-of-the-south-caucasus-cautiously-follow-the-russia-ukraine-war/

4.Kuzio, Taras(2020), Turkey Forges a New Geo-Strategic Axis from Azerbaijan to Ukraine, Royal United Services Institute (RUSI) , 18 November, available at: https://shorturl.at/j6d2w

5.Lorusso, Marilisa(2022), "War in Ukraine: reactions from the South Caucasus", Osservatorio Balcani e Caucaso tranceuropa, 24 February, available at: https://shorturl.at/zEy7x

6.Mikovic, Nikola(2022), "Azerbaijan watches closely the Russian invasion of Ukraine", The Interpreter, 11 March, accessed at 27 May 2022, available at :

7.https://shorturl.at/nvn2j

8.Özdil, Eser(2022), How Turkey benefits from global LNG glut, Atlantic council, Atlantic council ,11 may. Available at: https://shorturl.at/HVFCP

9.South Caucasus Pipeline (SCP)(2012), Georgia, Turkey, Azerbaijan, offshore-technology, 10 December, available at: https://www.offshore-technology.com /projects/south-caucasus-pipeline-scp-georgia-turkey-azerbaijan/?cf-view

10.Rubin, Michael(2022), “Ukraine war may lead to Middle East and Caucasus crises”, Washington Examiner ,14 March, available at: https://www.washingtonexaminer.com/opinion/943296/ukraine-war-may-lead-to-middle-east-and-caucasus-crises/
11.Sammut, Dennis(2022), “Ukraine poses a dilemma to the three South Caucasus countries, but they have still one important card they can play”, Common Space ,10 March, available at: https://www.commonspace.eu/analysis/ukraine-poses-dilemma-three-south-caucasus-countries-they-have-still-one-important-card

----------------------------------------------------------------------------------------------------------------

# Energy Security in Turkey's strategy towards Azerbaijan after2020

**Dr. Beastun Omer Nuri**
Department Of International Relation and Diplomacy, College of Political Sciences, Salahadin University, Erbi, Kurdistan Region, Iraq
Email: beastun.nuri@su.edu.krd

***Keywords:*** *Energy security, Turkey, Azerbaijan, strategy, interdependence, cooperation*

## Abstract:

Energy is considered one of the most important political issues on the world stage, as it is considered a decisive factor in shaping foreign policy, whether exporters or importers, because it is considered the backbone of the economy energy and consistently Ensure investment in them to guarantee the interests of all dimensions, so the issue of safe and practical energy production and transportation is a priority for both parties that export and acquire energy.

On this basis, Turkey and Azerbaijan have a strong strategic relationship, especially in the field of energy, as Turkey seeks to enhance its energy security through close cooperation with Azerbaijan. Turkey's strategy in this area is represented in several main themes. After 2020, energy security has become a focus in Turkey-Azerbaijan relations, as Azerbaijan has emerged as a strategic partner for Ankara in achieving diversification and stability in energy supply. The study aims to analyze the role of Azerbaijan in meeting Turkey's energy needs and strengthening its position as a

regional energy transmission center .Also the main question is a :How much has energy as a security factor influenced the formulation of Turkey's strategy towards Azerbaijan and the rapprochement of the two sides in a positive direction after 2020 on the basis of the most important opportunities and obstacles? The most important conclusions reached by the researcher are:
Turkey's primary goal in strengthening energy relations with Azerbaijan is to reduce its dependence on the energy resources of regional and international powers such as Iran and Russia. Cooperation between Turkey and Azerbaijan reflects efforts to establish a strategic energy hub in the region, Turkey will become a major energy transit point for Europe, while Azerbaijan will strengthen its position as a major energy exporter.

## أمن الطاقة في الاستراتيجية التركية تجاه أذربيجان بعد2020

**ملخص:**
تعتبر الطاقة من أهم القضايا السياسية على الساحة العالمية، حيث تعتبر عاملاً حاسماً في تشكيل السياسة الخارجية سواء للمصدرين أو المستوردين، لأنها تعتبر العمود الفقري لاقتصاد الطاقة وضمان الاستثمار فيها بشكل مستمر لضمان مصالح كافة الأبعاد، لذا فإن قضية إنتاج ونقل الطاقة بشكل آمن وعملي تشكل أولوية لكلا الطرفين المصدر والمستحوذ على الطاقة.
وعلى هذا الأساس، تربط تركيا وأذربيجان علاقة استراتيجية قوية، وخاصة في مجال الطاقة، حيث تسعى تركيا إلى تعزيز أمنها في مجال الطاقة من خلال التعاون الوثيق مع أذربيجان. وتتمثل استراتيجية تركيا في هذا المجال في عدة محاور رئيسية. وبعد عام 2020، أصبح أمن الطاقة محوراً في العلاقات التركية الأذربيجانية، حيث برزت أذربيجان كشريك استراتيجي لأنقرة في تحقيق التنوع والاستقرار في إمدادات الطاقة. وتهدف الدراسة إلى تحليل دور أذربيجان في تلبية احتياجات تركيا من الطاقة وتعزيز مكانتها كمركز إقليمي لنقل الطاقة.و السؤال الرئيسي هي :إلى أي مدى أثرت الطاقة كعامل أمني على صياغة استراتيجية تركيا تجاه أذربيجان وتقارب الجانبين باتجاه إيجابي بعد عام 2020 على أساس أهم الفرص والتحديات؟ ومن أهم الاستنتاجات التي توصل إليها الباحث:إن الهدف الأساسي لتركيا في تعزيز علاقات الطاقة مع أذربيجان هو تقليل اعتمادها على موارد الطاقة للقوى الإقليمية والدولية مثل إيران وروسيا. وكذلك يعكس التعاون بين تركيا وأذربيجان لإنشاء مركز استراتيجي للطاقة في المنطقة، حيث ستصبح تركيا نقطة عبور رئيسية للطاقة إلى أوروبا، في حين ستعزز أذربيجان مكانتها كمصدر رئيسي للطاقة.